سووتانی بەفر و سووتانی شیعر!.. سەدیق سەعید وەندزی

بە درژایی قۆناغەکانی شیعری کوردی، تا ئادیۆك ناسینەوەی نوێ و قۆناغە شیعرییەکان، لە پراوێزی هەبوونی هەندێك خاسیەتی ئەدەبی و هونەری و زمان و ناوەرۆکەوە، ئاسانە. بەڵام کاتێ دێنە سەر شیعری نوێی دوای ئاپۆیین، ئەوا ئەمە لە بەردەم لێڵییەکی گەورە داین، کە ناتوانیین خاسیەتە شیعرییەکانی ئەو نوێیە، دیاری بکەین و بناسینەوە. ئەوەش لەبەر یەك هۆکاری سادە ئەویش ئەوەیە، کە لە بنەڕەتەوە ئەو نوێیە، شوناسێکی شیعری دیار و بەرجەستە و سەربەخۆی تا ئێستا نییە، کە پێی بناسرێتەوە. ئەمە لە ئاستی زمانی شیعریی بێت، یاخود دنیابینی شیعرییەوە. بەڵێ زەرجار کە دەقێکی شیعری ئەو نوێیە دەبینین، وا دەزانینن قسە کردنێکی ئاسایی دەخوێنینەوە. بەشێکی زەری ئەو نوێیە، شیعر لە دەربڕین و گوتندا دەبینێتەوە و بەوای وایە، دەشە هەموو شتێك لە شیعردا بگوترێت، بۆیە زەرجار دەقە شیعرییەکان بە ئاراستەیەك بە مانا دەکەونەوە، کە لە دەرەوەی هەموو جۆرە شوناسێکی شیعری دانە. ئەمە وەڵای هاوشێوەبوون و هاوچوونی دنیابینی و دەقی شیعری زەربەی هەرە زەری ئەو نوێیەش. کە واتا ئێگەر نوێیەك شوناسێکی نەبێت، دەکرێ بڵێین شاعیرێکی گەنج لە نێو ئەو شوناسە شوێنێکی هەیە؟ (دەشاد عەبدوڵا) لە پێشکی کتێبی (سووتانی بەفر) دەنووسێت:([illegible]). (خاڵی بە هێز لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە زمانەکەیەتی) لەبەردا، وەك خوێندەرێکی شیعر، بەراوردی هەردوو بەچوونەکەی دەشاد عەبدوڵا، بە ناوەڕۆك و گوتاری ئەو شاعیرە گەنجە دەکەین و دواتریش، ڕوونی دەکەینەوە کە ئاخۆ ئەم بەچوونە، بەچوونێکی لێژیکی و ئەدەبی و دەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی قووڵ و وردی ئەزموونی شیعری نوێی نوێ بە گشتی و شیعرەکانی سامان گەردیش بە تایبەتیی، یاخود تەنها ستایشنامەیەکە و جۆرێکە لە ڕازیکردنی شاعیر، وەك ئەوەی ئێستا لە نوێندی ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت؟ شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە کوێدا، لە ڕووی زمانەوە بە هێز و جیان لە شیعری شاعیرانی دیکە ؟ بەگومان زمان لەو کەمەڵە شیعرەدا، هەمان ئەو زمانە شیعرییەیە، کە نیو سەدە زیاترە لە دنیای شیعری ئەمەدا، شیعری پێ دەنووسرێت. زمانی شیعری ئەو شاعیرە

گەنج، لە ئاستی ناوەڕۆك و چەمك و دەربڕینی شیعرییانەو یاخود فۆرمی شیعری، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شیعری هاونەوەکانی و پێشووتریش نییە و ئەم شاعیرەش هەمان ئەو وشە و دەربڕینانە دووبارەدەکاتەوە، کە دەیان ساڵە لە شیعری کوردیدا، هەن، لەلایەکی ترەوە، جیاوازکەوتنەوە لە ڕووی ئەزموونی شیعریی و نووسینی دەقی جیاواز و تایبەت لە ڕەوتی شیعری باو، توانا و داهێنانکی گەورەی شیعری دەوێت، لەڕدا وەك خوێنەرێك نموونە لە چەند دەقە شیعرییەك دەنینەوە، تا بزانین ئەو شاعیرە خاڵی بە هەز لە شیعرکانیدا، زمانکەیەتی وەك ئەوەی دەشاد عەبدوڵا دەیەوێت؟ بە نموونە:

خەم بە هەڵی ئەو داپیرچکانە هەڵدەواسم
هەڵانیان پێ لە گە (سووتانی بەفر لا 27)
ئایا جالجاڵکە، تەونی هەیە یان هەڵانە؟ ئەگەر شاعیرەك ئەمانە لە یەکتری جیا نەکاتەوە، دەکرێ بڵێین خاڵی بەهەز لە شیعرکانی زمانکەیەتی؟
تا مەکتەب جمهووری
کە بەرامبەر ئێستای نووسەرانە (سووتانی بەفرلا 29)
مەبەست قوتابخانەی (جمهوریە) کە بەرامبەر نووسەرانە لە شاری هەولێر، کەچی ئەم شاعیرە گەنج و زمان بەهەزە (مەکتەب)ی نووسیوە کە بە مانای نووسینگە، یان عەقارات دێت!
بووم بە بەردەك
لەگەڵ باران ناوی تەم
بە دەپێك لە سەر هەڵکەند (سووتانی بەفرلا 37)
لەڕدا، مەبەست هەڵکەینە، واتا، کەچی شاعیر هەڵکەندی نووسیوە، کە بە مانای لە ناگەوە دەرهێنان دێت!

تا دەنگ پێکا یەك بە قوڵگم هاوار دەکەم (سووتانی بەفر لا42)

مەبەست ئەوەیە، تا دەنگ دەرەوات و هەزی گەیاندن و دوورکەوتنەوەی هەیە، هاوار دەکات. بەڵام شاعیر(پێ) ی نووسیوە لە بری (بە) کە بە مانای بەین و خەرایی دێت و وا دەزانێت هەردووکییان هەمان مانایان هەیە! دەنگ بە دەکات، نەك پێ دەکات.

ڕاکردنی سەر بەفر پێی دەڕەن خلیسکانە (سووتانی بەفر لا 87)

ئایا خلیسکانە ڕاکردنە لە سەر بەفر؟ مەگەر یەکەك کە یاری سەر بەفر دەکات، خلیسکانە دەکات یان ڕاکردن؟

لە نەو بیابانکی بە گیاوگوڵم (سووتانی بەفر لا108)

مەگەر هیچ بیابانێك هەیە، سەوز و پڕ لە گیاو گوڵ بێت؟
خاڵێکی دیکە هەر پێویستە بە زمانی شیعرەکان ئاوێتە بێت، کە بەشێك لە شیعرانە، لە ڕووی دەربڕین و وێنەی شیعرییەوە، لە شیعری شاعیرانی تر وەرگیراون و لاسایی کراوەتەوە. یاخود هەمان دەربڕین و وێناکردن، بە جۆرێکی دیکە دەبینین. بە تایبەتیش کە شیعرەکان پڕن لە وشە و دەستەواژە شیعرییانەی لە شیعرەکانی شەرکە بکەسدا، دەبینرێن و لە فەرهەنگی شیعرییانەی ئاودا هەن. ئیدی نازانم چۆن دەشاد عەبدوڵا، بوێری ئاوای کردووە بنووسێت:_(خاڵی بەهێز لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە گەنجە زمانەکێتی و یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرکەوتووەکانی) ئەگەر شاعیرێك بە هەمان زمانی شیعری شاعیرانی تر بنووسێت، دەکرێ بڵێین زمانێکی بەهێز و جیاوازی هەیە؟ لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەك دەکەین کە ئەم شاعیرە گەنجە لە شیعری شاعیرانی دیکە وەریگرتوون:

- لا 49 نووسیوێتی: (ژووانی سەبەر) ئەمە لە ناونیشانی دیوانێکی فەرید زامدار وەرگیراوە.
- لا 62 نووسیوێتی: (حەزم لە ماچە، ماچی لەوکانت، ئارەقەی سوێری بن چەناگەت) ئەمە لاسایی شیعرێکی پەشۆە کە دەڵێت (ئەی گیانی خەم ماچت دەکەم، نەرمایی گوڵ، قەرتی چەناگەت ماچ دەکەم).
- لا 64 نووسیوێتی: (ئەگەر لەناو شیعرەکانم مەمك بنێ دەرەوە، پاییز بەبەر دەبێت لە هەنار) ئەمە لاسایی شیعرێکی شەرکە بکەسە کە دەڵێت (ئەگەر لە ناو شیعرەکانما گوڵ دەراوێژنە دەرەوە لە چوار وەرز وەرزێکم دەمرێت).
- لا 69 نووسیوێتی:(بووەتە بەهەم تا بڵێم هەم) ئەمە لاسایکردنەوەی شیعرێکی سەرکەوت ڕەسولە لە کۆمەڵە شیعری پاییزە یاد کە دەڵێت (لە ژێر سەبەری یادێکت دانیشتووم هەتا هەبیت منیش هەم).
- لا 102 نووسیوێتی:(درێژترین دەڕۆیت دایە) ئەمە لاسایکردنەوەی شیعرێکی فەرهاد پیرباڵ لە دیوانی ئیکسیل کە دەڵێت (درێژترین شیعر بە دایکم … غەریبیت دەکەم).

وەرای ئەمانەش، شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە، پڕن لە لاسایکردنەوە و کۆپیکردنەوەی ئاو وێنە و دەربڕینە شیعرییانەی لە شیعری شەرکە بکەسدا هەن، کە خوێنەران بە دڵنیایی، دەتوانن بگەڕێنەوە سەر شیعرەکانی ئاو شاعیرە و بەراوردی یەکتریان بکەن، ئاو کات باشتر ئاو بچوونەی ئەمە

دەردەکەوێت.

*پێراوێز: سووتانی بەفر، کەمەڵە شیعر، نووسینی: سامان گەردی.

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (4135) ڕۆژی 25 /8/2024 بڵاوکراوەتەوە.

سێیەمی خود "جەستە، ڕۆح، من" لە هەبەستی (زەنگی پەستی) گەران دا.. نووسینی/ عەتا قەرەداخی

(زەنگی پەستی) یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی گەران کە لەرەدا هەوڵدەدەین لەرووی بنیادی پێکهێنەری شیعرەکەوە بیخوێنینەوەو لەدوای ئەو پرسیارە ئیبستیمیە بگەڕێین کەم ئەم دەقە هەیگرتووە.
دەقی شیعرەکە:
1- ئەوا دیسان لەگۆشەی نادیاری
2- دێم، هەسا زەوی زەنگی فگاری.
3- بە ئەسپایی بەبێ هێزی بە ئاستەم.
4- هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
5- بە ئەسپایی، بەلەرزۆکی، هەژاری
6- ئەناڕەنی لەشوێنی نادیاری..
7- زمانێك دێتەگێ هەرچەن زەوی دێ
8- کە تێرنابم لەگوێگرتن بەدوو گوێ!
9- زمانێك بەستەیەك، دەنگێك، نەوایەك
10- سکاڵایەك، هەناسەو ئاخ‌و ئایەك..
11- کەتێی ناگەم، کە نازانم ئەڕێ چی
12- بەڵامم خوێخوێ لە گەیا ڕۆحم ئەگری
13- چیە ئەی ڕۆحی بڵوارو بێپەی،
14- لەتێ ناشارەزایی من هەتا کەی؟

15- چیە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
16- کەپۆ هەڵەنەری چاوی شعورە؟
17- کە دۆ پەستم کەنایە ئارەزووی دۆ
18- بەدوویا وۆا ئەبۆ! مەنزۆا بە مەنزۆا!
19- چیە ئەم زەنگە زرنگەی دۆ بەماتی
20- کە ژۆر تەم کەوتووە شۆنی وۆاتی؟
1940

شیعری زەنگی پەستی هەمان شۆوەی ئەزموونی شیعری گۆران زمانۆکی سادە پۆکهۆنەری بنیادە گشتیەکەیەتی، بەۆام هەر ئەو زمانە سادەیە توانای بەرهەمهۆنانی شیعریەتی هەیەو جیهانبینیەکی قوۆاو مەودا داری فرە ئاراستەو فرە مانا لە پشتیەوە راوەستاوەو دەشۆ بەچەند رۆگایەکی جیاواز ئەم شیعرە بخوۆندرۆتەوە. واتە زەنگی پەستی دەقۆکە زیاتر لە کلیلۆکی کردنەوەی هەیە. بنیادی دووانە (دیوالتی) یەکۆکە لەو رۆگایانەی کە دەتوانرۆت لۆیەوە هەوۆی چونە نۆو دەقۆو دەهالیزەکانی دەق بدرۆت. بەۆام بنیادی گشتی زەنگی پەستی لەسەر پەیوەندیو بەرامبەر یەکتر وەستانی سیانەیەك پۆکدۆت کە هەرسۆکیان پۆکەوە باری ئەنتۆلۆژیانەی خود پۆك دەهۆنن هەر بۆیە دەشۆت ئەو سیانەیە بە سیانەی خود ناو ببەین کە بریتین لە (جەستە، رۆح، من) یان لەشۆوەیەکی تردا دۆ واتە ئارەزووی دنیایی، رۆح واتە دنیای پەنەبراو، من واتە خودی فەرماندارو رووداو دروستکەر لە شیعرەکەدا.(ئەم بنیادە بەدوو لقە هەرەمی بەرامبەر بەیەکتر هەڵدەچنۆو هەندۆ کات ناتوانن پارۆزگاری دوری نۆوانیان بکەنۆو لۆکدی نزیك دەبنەوە، بەۆام هەرگیز دووری نۆوان ئەو دوو هەرەمە (هەرەمی دنیای جەستەو هەرەمی دنیای رۆح) ناسۆتەوە، واتە نزیك بوونەوەی هەردوو هەرەمەکەی بنیاد لەیەکتر زیاتر لەو کاتانەدا دەبۆت کە جەستە واتە (دۆ) (کە ئەویش وەك گوتمان ئارەزووی دنیایی نیشان دەدات) نزیك دەبۆتەوە لەوەی ناسنامەی خۆی ون بکاتۆو چیتر لەدوای ئەو داواکراوانە نەۆوات کە چاوەۆوان دەکرۆت، واتە جەستە لەسەر هەۆکی داۆژراوی شۆوە بەرنامە لەو بنیادەدا ناجوۆت، ئەوەش شکاندنی ئەو حاڵەتە مەئلوفە نیشان دەدات کە لەرابردوودا هەۆکاریەکەی کۆشراوە. جەستە لەو چەند حاڵەتەدا بەرەو ئەوە دەچۆت خەسڵەتەکانی خۆی ون بکاتۆو نزیك ببۆتەوە لەرۆح یان بیەوۆت دەمامکی کەسیەتی پەی پۆنەبراوی رۆح لەسەر بکات، بەو هیوایەی بەنهۆنۆ پەنهانی بمۆنۆتەوە.

لقە بنیادی یەکەم لەسەر حاڵەتی ئامادەبوونی (جەستە = دۆ= ئارەزووی دنیایی) هەۆچنراوە کە ئەویش بنیادی دابۆان پۆك دۆنۆت. دۆ پەستۆو عاجزەو دەنگۆو هاوارو ناۆینی بەهیچ کۆ ناگات. ئەم

بنیادی دابڕانەش لەدڵی یەکەمەوە دەست پێدەکات‌و هەتا کۆتایی شیعرەکە درێژ دەبێتەوە چونکە بێزاری لەگۆشەی نادیارەوە (پاڵنەرەکانی ناوەوە) دەزرنگێتەوە هەتا ئەو کاتەی هەوای ڕۆح دەکەوێتە سەر لەرەی خەم‌و لەگەڵا زەنگی دڵدا ئەمیش دەکەوێتە گریان‌و پرسیارکردنی (من)ی بگرێ لە دڵو نەشارەزایی سەرجەم ڕووی نەشارەزایی (من) ی بگرێ واتە (خودی سێیەم) لە بنیادی پێکهێنەری شیعرەکەدا نیشان دەدات‌و بەرجەستە دەکات. هەبەتە ئێستە دەگەینە ئەوەی بڵێین سەراپای بنیادی شیعرەکە لەسەر سێ تەوەرە (خود) بنیاد نراوە کە جەستەو ڕۆح وەکو دوو تەوەری سەرەکی بنیادەکە هەردووکیان بەشێکن لە (من)و دیسان (من) خۆیشی وەکو خودێکی سەربەخۆ لە پانتایی زمانی شیعرەکەدا ئامادەبوونی هەیەو زۆربەی جوڵەو پراکتیکی نێو دەقەکە پەیوەندییان بەوەوە هەیە، سەرباری دەرکەوتنی ڕۆح‌و جەستە وەکو دوو بنیادی ئامادەو سەربەخۆ دەردەکەوێت کە (من) لەبارێکی ئامادەبوونی ئەوتۆدایە کە لەپرسەی جوڵاندن‌و خۆنواندنیدا وەکو ئامادەبوونێکی ئەنتەلۆژیانە ڕۆح‌و جەستە پابەندی ئەون‌و لەدەرەوەی کۆنترۆڵکردنی جوڵەی دەقەکە لەلایەن (من) ەوە هیچ ماناو دەلالەتێکی ئەوتۆیان نابێت لەو ڕوانگەیەوە کە تا ئێستا بوونەتە بەشێك لە پێکهێنەری دەقە شیعرییەکە.

لقە بنیادی (دڵ = جەستە) دوور لە ویست‌و داواکاری (من) و بۆئەوەی (من) ئاگاداری سەرچاوەی ئەوهەزو پاڵنەرە بێت کە دەیوروژنێ‌و دەیخاتە جوڵەو ئاراستەی دەکات، ئەو واتە (دڵ) دەنگی خۆی ئاشکرا دەکات. (پەستی و بێزاری) بە ئەسپایی و بەلاوازی دەنگێك دروست دەکەن‌و بەرزیشی دەکەنەوە. بەڵام دەنگی دڵ دەنگی جەستەیە، ئارەزووی دنیاییە، غەریزەی بایەلۆژیانەی (من) ە لەکاتێکدا بنیادی جەستە لەشیعرەکەدا هەرچۆن دەبێتە بەشێك لەبنیادی گشتی، هەمان شێوە جەستە وەکو توخمێکی بنیادەکە بەشێکە لە کەینوونەیەکی باڵاتر کە ئەویش (من) ە واتە ئەفریدەبوویەکە کە لە جوڵەی بەردەوامیدا خەسڵەتە ئینسانییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. وەکو گوتمان دەنگی دڵ دەلالەتی غەریزە بایەلۆژییەکانی مرۆڤ هەدەگرێت کە مرۆڤ نازانێت چۆن‌و کەی‌و لەکوێ ئەو دەنگە بەرز دەبێتەوە هەروەك خودی (من) یش پەی بەو ڕاستییە نابات‌و بەردەوام وەکو نهێنییەك لێی دەوانێت کاتێ دەڵێت:

ئەوا دیسان لەگۆشەی نادیاری

دڵم، هەسا زەی زەنگی فگاری

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات بەرامبەر بە (گۆشەی نادیاری دڵ) و لێمان دەپرسێت مەبەست لەگۆشەی نادیاری دڵ چییە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تیشکێك دەخاتە سەر ئەو نهێنییەی لەپشتی

وشەکانەوە خۆی حەشار داوە. مەبەست لەگۆشەی نادیاری دڵ ئەو سەرچاوە پەی پێ نەبراوەیە کە جێگای لەدایکبوونی حەزو ئارەزووە دنیاییەکانی مرۆڤە ئەویش وەکو ئارەزووی سێکس، وروژان، خۆشەویستی، ئاسوودەیی، بێزاری.. تاد.
دڵ ئارەزوویەکی خۆیی بەرزکردەتەوەو وا پێدەچێت مەیلی جێبەجێ کردنی هەبێت، بەڵام کاریگەری ئەو ویستەی دڵ هەر لە پانتایی سنووری خۆیدا نامێنێتەوەو دابڕاوو بێ پەیوەندی نابێت لەگەڵ پێکهاتەکانی تری بنیادی شیعرەکەدا بەکۆ وروژانی دڵ و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ئەو حاڵەتی وروژانەوە کە گەیشتوە ئاستی لێدانی زەنگی فگاری، لەگەڵا خۆیدا (ڕۆح) یش دەهەژێنێ، زەنگێ بێ ڕۆح لێدەدات (هاواری ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم). لەم بارەشدا پەیوەندیو بەرامبەر یەك وەستانی (دڵ و ڕۆح) وەکو دووانەیەك کە لەبڕتەیەکی باڵاتردا پێکەوە بەندن دەردەکەوێتو سیمای پەیوەندی دایەلێکتیکانەی نێوانیان ئاشکرا دەبێت. ڕۆح لەژیر کاریگەری داواکاری دڵ یان جەستەدا بەئاگادێت، بەڵام ئەو بەئاگا هاتنەوەیەی ڕۆح لەشێوازی وەڵامدانەوەیەکدایە بێ لێدانی ئەو زەنگەی لەگۆشەی نادیاری دڵەوە هەڵسا.
واتە هەرچەن دڵ یان جەستە لەژێر فشاری کاریگەری زەنگە سەرچاوە نادیارەکەدا وروژاوە هەمان شێوە ڕەحیش گەیشتوەتە حاڵەتی هەژاندنو شان بەشانی جەستە بەهەواشی دەەژێت. بەڵام هەردووکیان دەنگیان کزەو لەسەر هوای خەمنن. (من) دەیەوێت تەنها گۆی لەزرنگەی زەنگەکە بێت بەو هیوایەی لەو داواکارییە حاڵی ببێت کە زرنگەی زەنگەکە دروست دەکات، واتە ئێستا دەردەکەوێت کە زەنگەکە هەکارێکە بێ گەیاندنی دەنگی دڵ بە دەرەوەی خۆی. لەراستیدا ڕۆحو جەستە وەکو دوو توخم دەبێت بکەونە ژێر کۆنترۆڵی (من) ەوە لە دەقەکەدا بەڵام (من) وەکو خودی پراکتیك کەر لەپانتایی دەقە شیعرییەکەدا ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی لەپانتایی کارکردنی ڕۆحو جەستەدا دیاری بکات. لێرەدا دەشێ پێکهاتەی بنیادی کەستی (من) و پێکهاتەکانی واتە ڕۆحو جەستە بە چەمکێکی فرێیدی ناودێر بکەینو وەکو سوپەرئیگۆ بەوانرێتە (من). ڕۆحو جەستەش بە ئیگۆو ئید ناوببرێن، کە من لەپرسەی جۆرەی شیعرەکەدا دەیەوێت دەوری چاودێر ببینێتو خۆی ڕۆی دیسپلین کردنی ویستەکانی جەستەو نهێنییەکانی ڕۆح ببینێتو حاڵەتی بەرامبەر وەستانو دژایەتی نێوان ڕۆحو جەستەش کپ بکاتەوەو خۆی دەوری هێزی سەرکوتکەرو چەپاندن ببینێت، بەڵام لەراستیدا (من) لە پانتایی شیعرەکەدا لاوازەو بەئاسانی ناتوانێت ئەو جۆرە پراکتیکە بکات.
ڕۆح کاتێ بەدەنگی زەنگی دڵ واتە جەستە دەهەژێ ناتوانێت لە

گەورەری ئەو دەنگە تۆ بگات، هێندە حاڵی دەبێت کە جەستە سکاڵا دەکاتۆ ئاخۆ هەناسە هەڵدەکێشێتۆ ئەمیش لەگەڵیدا بەکوڵا دەگری. لێرەدا ئاراستەیەکی دوو لایەن دروست دەبێت. ئەمیش ئەوەیە کە لەبارێ یەکەمدا ڕۆح لەلایەن داواکارییەکانی جەستەوە زەنگی وریاکردنەوەی بۆ لێدەدرێتۆ ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام بەچ مەبەستێك ئاگادار دەکرێتەوە ئەوە ئەو پرسیارەیە کە دواتر بە وەڵامەکەی دەگەین. لەبارێ دووەمدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕۆح لە کەینووندا ڕۆحێکی پەشۆەو لەحاڵەتی گومانۆ قەڵەقۆ تێدایە. ئەمەش پرسیارێ دووەمە لەم شیعرەدا کە رویەکی جیهانبینی شیعرەکە بەمەوە بەستراوە. من وەکو خودی باڵا لە شیعرەکەدا لە دەنگی ڕۆح حاڵی نابێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆح تاکو ئێستا لەسنووری نهێنیدا ماوەتەوە بەرامبەر بەخودی منۆ من نەیتوانیوە نە پەی بەنهێنییەکان ببات نە کۆنترۆڵی ڕۆح بکاتۆ ئەنجام دسیپلینی بکاتۆ بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو ئاراستەی بکات.

ئەم حاڵەتی پەی پێنەبردنۆ نەناسینەی ڕۆح لەلایەن خودی منەوە لاوازی کەسێتی من نیشان دەدات، بەڵام من سەرباری درك نەکردن هێشتا لە پرسە جۆەیەکدا هەوڵدەدات بگاتە ئاستی ناسینی ماهیەتی ڕۆح، ئەوەش وەهای لێدەکات چەند پرسیارێك بەرزبکاتەوە، ئەو پرسیارانەش ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی ڕۆح دەیان کاتۆ، پرسیارن لە گەوهەرو ناسنامەی ڕۆح. دیارە گەیشتنی خود بە بەرزکردنەوەی پرسیار خاڵکی گرنگە چونکە بەر لە هەموو شتێ دەبێ ئەوە ئاشکرا بکەین کە کاتێ خود وەك ئینسان دەگاتە ئاستی پرسیارکردن مانای درك بەڕاستی گەیان لەدوای دۆزینەو گەیشتن بەنوێ دەکات، دەیەوێت دەرگای داخراوی سەر بەنهێنییەك بخاتە سەرپشت، دنیایەکی تازە بخاتەوو، (بەڵێ) بۆ ئەو دنیا نوێیە بکاتۆ لەپاڵا ئەوەدا دنیای کۆن نەفی بکات.

ئەو پرسیارانەی کە (من) لە دەقە شیعرییەکەدا بەرزیان دەکاتەوەو ئاراستەی ڕۆح دەکرێن سەرچاوەکەیان (دڵ) یان (جەستە) یە، واتە لەگۆشەی نادیاری دەوە سەرهەڵدەدەن. بۆیە وەڵامی پرسیارەکان دەشێ لە ئەنجامی شیکردنەوەی بینای زمانی دەقەکەوە ئاشکرا بکرێن بە تایبەتی بە دۆزینەوەی مەدلولە سایکۆلۆژییەکان کە کۆمەڵ دەلالەتی سایکۆلۆژی ئاشکرا لە بنیادی زمانی دەقەکەدا بەشێوەیەکی سروشتی ئەو مانایانە هەڵدەگرنۆ لەمەودایەکی قوڵتردا مەدلولی سێکسیشکیان دەبێت. بەڵام (من) هەر پرسیار دەکاتۆ لەسەر بەرزکردنەوەی پرسیارەکانی بەردەوام دەبێت،ێ هەر لە شێوازی بەرزکردنەوەی پرسیار بەدوای پرسیاردا دەردەکەوێت کە خودی پرسیارکەر لە بارێکی دەروونی پەشێوو شڵەقدایە، گومانێك کۆنترۆڵی هەستۆ نەستی کردووەو پرسیار

لەدوای پرسیار بەرزدەکاتەوە چونکە ناتوانێت لەوە دڵنیابێت کە بەرزکردنەوەی یەکێك لەو پرسیارانە دەیگەیەنێتە حاڵەتی یەقینێو بەوەش لەدوو دڵنو گومان رزگار ببێتو لەرووی دەرونیەوە بحەوێتەوە، هەربۆیە لە بەرزکردنەوەی پرسیار بەدوای پرسیاردا بەردەوام دەبێت. دەلالەتی قوێتری پرسیار بەدوای پرسیاردا ئەوەیە کە من وەکوو خودێکی داهێنەر بەگومانەوە لە هەموو شتێك دەوانێتو ناتوانێت بڕوا بە جێگیری شتەکان بهێنێتو بڕوای بەتاك مەودایی هیچ دیاردەیەك نییە لە گەردووندا، بۆیە لەبری پرسیارێك چەندین پرسیاری هەیە بەو هیوایەی لەبری تاکە مانایەك بۆ ژیان، بۆ بوون چەندین مانا بدۆزێتەوە.
کاتێ (من) پرسیار دەکات دەیەوێت ئەو زەنگەی سەرچاوەکەی لە جەستە (دێ) دایە بزرنگێتەوە، بەڵام کە زەنگەکەش دەزرنگێتەوە ئەم پەست دەبێت. ئەم بارە شلەژێو ناجێگیرەی (من) کە لەپانتایی دەقەکەدا ناگاتە حاڵەتی سەقامگیربوونێو دڵنیایی حاڵەتی نیگەرانیو گومانێو تەماندا دروست دەکات، کە خودی من لە ئەنجامی گەیشتن بەو حاڵەتی نیگەرانیو تەمانەدا دەگاتە ئاستی پرسیارکردن. لاوازی زەی زەنگەکەی دێ تێکەأ کردەی دەربڕینێو ئەنجامدانی کار نیشان دەدات کە توخمەکانی زمان ئەو حاڵەتە بەرجەستە دەکەن ئەویش بەهێی ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمانێو فرمانی نەرێو فرمانی ئەرێی کردار نێگەتیڤەوە واتە کرداری نەرێوە کە تێکەا ئەم رەگەزە زمانیانە باری شلەژێو لەهەمان کاتدا کردەی لاواز لە سەراپای دەقەکەدا نیشان دەدات کە ئەوانیش بریتین لە (بە ئەسپایی، بەبێ هێزی، بە ئاستەم، بە لەرزێکی، هەژاری، ئەناڵەنێ، تێرنابم، تێی ناگەم، نازانم، ناشارەزایی، پەستم، وەڵا ئەبێ، بەماتی..) بەڵام رۆح هێدی هێدی لەژێر کاریگەری زەی زەنگی پەستیو بێزاری دێدا دەهەژێ هەتا دەگاتە ئەوەی خۆخۆ لەگەڵا زەی ئەو زەنگی پەستییەدا بگری. ئەم بنیادەش لە بنیادی گشتی دەقەکەدا بنیادێکی کراوەیە کە لەچەند پرسیارێك دروست دەبێتو سەرجەمی پرسیارەکانیش من بەرزیان دەکاتەوە، دەشێ رۆح لەسنووی جوڵەی خۆیو لەو پانتاییەی کە لەخودی خۆیدا دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێو لێی شارەزایە وەڵامی پرسیارەکانی (من) ی دەستگیر نەبێتو نەتوانێت وەڵامیان بداتەوە، یان لەبارێکی تردا رۆح ئامادەگی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی نەبێت، بۆیە سەرجەمی بنیادی پرسیارەکان دەسپێرێت بە بنیادێکی رستەی خەبەرێو پرسیارو سەرسوڕمان کە تێکەا ئەم رستانە لە جوڵەیەکی بەردەوامی هەستپێکراودان بەڕام لە سنووڕێکی داخراودا. هەبەتە وەڵامدانەوەی ئەو چەند پرسیارە یەك بەدوای یەکەدا مەودای جیهانبینی دەقەکە دەردەخەنێ کە دواتر بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێنەوە.

ڕۆح ئامادەگی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (من) ی نییە، یان وەڵامی پرسیارەکان لای ئەو دەستگیر نابن چونکە سەرچاوەی سەرەکی پرسیارەکان (دێ) جەستەیە، دێیش ناتوانێت راستەوخۆ ڕۆح بوروژێنێ، بەڵکو زەنگی (دێ) کە ئەو زەنگەش لەسنووری جوگرافیای دێدا شوێنەکەی نەزانراوە، هەوای ڕۆح دەخاتە سەر لەرەی خەم. لێرەدا دەردەکەوێت دێ راستەوخۆ کار لە ڕۆح ناکات بەڵکو دێ لەڕێگای ئامرازێکەوە یان هۆکارێکەوە کە زەی زەنگی فگاربیە کار لەهەوای ڕۆح دەکات. هەوای ڕۆح دەهەژێنێو دەیخاتە سەر لەرەی خەم، هەوای ڕۆح لە ئەنجامی وروژاندا ڕۆح وریا دەکاتەوەو لە ئاراستە جۆرەیەکی بەرەو ناوەوەدا لەرەی خەم کەنترۆڵ پانتایی ڕۆحی (من) دەکات، بەئاراستەیەکی پێچەوانەش (من) ناتوانێت جەستە بدوێنێ لەبەرماوەی دووری نێوانیان لەو ڕوانگەیەوە کە (من) بێئاگایە لە ویستەکانی جەستە، یان من لەحاڵەتی خود دیسپلین کردندایەو نایەوێت وەڵامی داواکارییەکانی جەستە بداتەوە. هەروەك دەشێ لاوازی دەنگی جەستەش لەو بوارەدا دەوری خۆیی هەبێت. هەربۆیە (من) پرسیارەکانی ئاراستەی ڕۆح دەکات. پێشەکی هەندێ زانیاریش پێشکەش دەکات کاتێ خۆی ناتوانێت لەدەنگی جەستە تێبگات، پەنا دەباتە بەر نێوەندێك بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام دواجار نێوەندەکە خۆی دەبێتە لێپرسراوی یەکەم.واتە (خود) لەبنیادی سێینەی خۆیدا لەم ئاستەدا بەم جۆرە دەجووڵێت.

خودی یەکەم کە (جەستە) یان (دێ) لەڕێگای زەی زەنگەوە دەیەوێت خودی سێیەم واتە (من) ئاگادار بکاتەوەو داواکانی بەرزبکاتەوە، بەڵام بەرزبوونەوەی زەی زەنگی دێ کار لەخودی دووەم (ڕۆح) دەکاتۆ ڕۆح دەوروژێنێ. کاریگەری وروژانی جەستە لەلایەکۆ ڕۆژانی ڕۆحیش لەژێر کاریگەری ویستەکانی جەستەدا لەلایەکی ترەوە کار لە (من) واتە خودی سێیەم دەکەن، (من) دەگاتە ئاستی وریابوونەوە، بەڵام ناتوانێت لەدەنگی خودی یەکەمۆ دووەم تێبگات، ئەویش لە ئەنجامی ئامادەبوونی (من) دا لە ئاستێکی دیسپلین کراودا کە ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی (من) بە واقیعی دەرەوەو پەیوەندییە کەمەڵایەتیەکانەوە نیشان دەدات، چۆن سانسۆری کەمەڵایەتی ڕێگای تەقینەوەی ناوە دەگرێتۆ حاڵەتەکانی نهێنی ناخی مرۆڤ دەشارێتەوەو ئەنجام لەشێوەی غەریزەی چەپێنراودا بەشێکیان دەردەکەوێنەوە، هەندێکی تریش لەو ویستانە بەر لەوەی بگەڕێن بۆ دەلالەتێکی زمانی دەمرن.

ماوەی نێوان جەستەو ڕۆح لە بینای کەسێی خودی ئامادەی نێو دەقەکەدا گەڵێك لەیەکتر نزیك دەبێتەوە بەڵام ئەو ماوەیە ناسێتەوە بەکو درزێك لەنێوانیاندا دەمێنێت. ئەمەش وەهای کردووە

ڕۆحو جەستە وەکو دوو دنیای سەربەخۆ بەنمەوە، هەر بۆیە ڕۆحیش لەبەردەم پرسیارەکانی (من) دا دەستەوسانەو ناتوانێت وەڵام بداتەوە. ئەم دەستەوسانیەش جارێکی تر لاوازی کردار لەبنیادی گشتی شیعرەکەدا نیشان دەدات، هەروەك چۆن ئاوەناوو ئاوەفرمانو فرمانی نەڕۆ لە بنیادی زمانی شیعرەکەدا دەورێکی دیاریان لە دروستکردنی حاڵەتی (ناکردەیی) دا هەیە پەیوەست بە جوڵەی (من).

(من) چەند پرسیارێك بەرزکردەتەوە:

چیە ئەی ڕۆحی بێ لەوارو بێ پەی
لە تۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟
چیە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
کە پێ هەڵەنەری چاوی شعورە؟
چیە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بەماتی
کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی؟

هەریەکە لەم پرسیارانەی سەرەوە کە (من) لە شیعرەکەدا بەرزی دەکاتەوە، دەیەوێت لە گەوهەری نەزانراوێك حاڵێ ببێت، ماهیەتی ئەوی زانراوەی لائاشکرا بێت، تێکڕای پرسیارەکانیش دەربارەی کەیننوونەیەکی نەزانراو دەکرێن کە ئەویش ڕۆحە، هەروەك نەناسینی ماهیەتی ڕۆحیش بۆتە هۆی شاردنەوەی ناسنامەی ئەو دەنگو ئاوازە کە من هیچیان لەبارەوە نازانێت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بەلای ئەوەوە چاوی شعور دەکەنەوە. بەڵام شوێنی سەرهەڵدانی زرنگەی زەنگەکەش نازانێت چونکە پێی وایە لە دنیایەکی ونو نادیاردایە.

دەشێ وەڵامی هەریەکە لەو پرسیارانەی سەرەوە لە ئەنجامی شیکردنەوەی زمانیو دێزینەوەی دەلالەتەکان لە هەردوو هەرەمی جەستەو ڕۆحدا دەستگیربێن. سەرەتا با سەرنجێ لە خودی جەستە بدەین. تێکڕای ئاوەفرمانەکانی شوێن کە پەیوەندییان بە جەستەوە هەیە، دەگەڵنەوە بێ غەریزەکانی جەستە یان سەرچاوەی لەدایك بوونی ئەو غەریزانەی کە (من) نازانێت ئەو سەرچاوانە لەکوێدان. ئاوەفرمانی (گۆشەی نادیار) وەك دالێك لەبەرامبەریدا مەدلولی غەریزەی سێکسی هەیە کە جار لەدوای جار زەنگەکەی دەزرنگێتەوە. (دیسان) دەلالەتی بەردەوامی لەنێو وروژانەوەی ئەو غەریزەیە نیشان دەدات کە تەنانەت دوای هەر کردەیەکی سێکسیش بەماوەیەکی کورت خۆی دەردەخاتەوە. بەڵێ زەی زەنگەکە لێرەدا پەستێو پەشۆە، لاوازو بێ هێزو لەرزکە، بەڵام ئەناڵێنێ. لێرەشەوە زیاتر سیمای وروژانی غەریزەی سێکسی دەردەکەوێتێو پاڵنەری ئەو غەریزەیە لە ناوەوە لە جوڵەدایە بەڵام دەشێ لەسەر پانتایی واقیعی دەرەوەی (خود) پانتاییەك نەدێزێتەوە بێ پراکتیك کردن کە ئەویش یان هەر لەبنەتەوە نەبوونی ڕەگەزی بەرامبەرە واتە (مێ) یان نائامادەگی ئەو ڕەگەزەیە (ڕەگەزی مێ)

لەرووی نمایش کردنی جەستەوە بۆ خودی (من)، هەتا بەئازادی (من) بەو جەستەیە بگاتو بیدوێنێ.
لێرەدا دەردەکەوێت کە لەژێر کاریگەری داواکارییەکانی جەستەدایە کە (ڕۆح) دووچاری پەشۆیی هاتووەو کاتێکیش کە ئەو داواکارییانەی جەستە جێبەجێ ناکرێن باری پەشۆوی ڕۆح زیاتر دەبێتو فشار دەخاتە سەر (من).
(من) یش لە ئەنجامی ئەو فشارخستنە سەرەدا دەگاتە ئاستی وەڵامدانەوە، بەڵام ویستەکانو سەرچاوەی دروستبوونیشیان دەکاتو ئەو پرسیارانەش ڕووبەڕووی ڕۆح دەکاتە نەك جەستە. ئەو زمانەی دێتەگۆ دەیەوێت داواکارییەکانی خۆی بە (من) بگەیەنێت زمانی جەستەیە، بەڵام من نە لەگۆگرتن لەو زمانە تێر دەبێت نە لێی تێدەگاتو نەدەشزانێت چی دەوێت. لێرەوە بە تەواوی ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دیوارێکی ئەستوور لەنێوان خودی منو جەستەیدا هەیە. یان ئەوەتا بەردەوامبوونی پرسەی سانسرکردنی جەستە وەهای کردووە چیتر (من) بەرامبەر بە داواکانی ئەو جەستەیە حاڵی نەبێت. یان نامۆبوونی (من) بەرامبەر بەداواکارییەکانی جەستە بەگشتیو تێنەگەیشتنی لەویستەکانی جەستەو ئەزموونە سێکسییەکانی بگەیەنێت.
بەڵام لێکدانەوەی دووەم خواردبوونەوەیە لەو بارە شلەقەی ڕۆح کە توانای سەقامگیربوونی نییە. ئەم بارە شلەقەی ڕۆحیش لەنێوەندی بنیادی شیعرەکەوە دەردەکەوێت کە ئەویش پرسیارو سەرسوڕمان دروستی دەکەن. کلیلی دابڕان لە بنیادی دەقەکەدا بریتییە:
چییە ئەی ڕۆحی بَێ لەوارو بێپەی
لەتێ ناشارەزایی من هەتا کەی؟
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بنیادە کراوەکە دادەخات، ئەگەر وەڵامێکی ئایدیالیانەی ئامادەی بدەیەوە، بەڵام هەتا بەکۆتایی شیعرەکەش هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارە گەوهەرییە نادرێتەوە، بەڵکو لەشۆوەی ڕستەی پرسیاریداو لەچەند پرسیارێکی یەك بەدوای یەکدا ڕەگەزەکانی وەڵامی ئەو پرسیارە ئاشکرا دەکرێن. زەنگەکە کە لێرەدا مەبەستی لەزەنگی دۆە لەرووی وابەستەبوونیەوە بەلێکدانەوەی بەرحەوە پەی بەوە نەبراوە کە مەبەستی داواکارییەکانی ڕۆحی هەڵگرتووەو کە ئەویش لە حاڵەتی پەشۆوی ڕۆحیو نیگەرانیو گومان کردندا دەردەکەون کە ئەم حاڵەتە ڕۆحیەش (من) دەگەیەنێتە ئاستی تێئاوارەبوون کە ئەویش تێئاوارەبوونی ئەنتۆلۆژییەو ڕەگۆ ریشەی دروستبوونی ئەو حاڵەتی تێئاوارەبوونی ئەنتۆلۆژییەش لای گۆران ئامادەبوونی ڕۆحی داهێنان لە کەسیەتی گۆرانێدا دروستی کردووە.
(من) بە بیستنی زەی زەنگی فگاری کە زەنگی جەستەیە پەستۆ بێزار دەبێت، کە ناشیەت، ئەم بەدوایدا وێاو سەودا سەر دەبێت، لێرەدا

(من) شوناسنامەی زەی زەنگ لەنوان رەحو جەستەدا تکەا دەکاتو ناتوانێت جیاوازی نوان داواکاریيەکانی جەستەو داواکاریيەکانی رەح بکات. زەنگەکە لە راستیدا لەنوەندی بنیادی جەستەوە (د) بەرزکراوەتەوە واتە ئامرازی دەستی جەستەیە بۆ ئاشکراکردنی داواکاریيەکانی. هەرکاتێ ئەو زەنگە نازرنگێتەوە، ئەوا (د) دەکەوێتە حاڵەتی حەوانەوەوە، واتە هێزی دروستکەری زەنگەکە لەباری ئەقرە گرتندایە. بەام کە نایەت جارکی دی ئارەزووی د (جەستە) بەدوای هی وریاکردنەوەکەدا وا دەبێت واتە لەدوای زەنگەکە دەگەڕێت تا بیزرنگێنێتەوە. دیارە بۆ چەندو چوون ئارەزووی د، بریتییە لە ئاشکراکردنی حەزو ویستە غەریزییەکانو ئاشکراتر بڕین ئارەزووی سکسی نیشان دەدات. کەواتە لەم بارەیاندا زەی زەنگەکە زەی توانای ئەنجامدانی کردەی سکسییە. بەام هەر لە میانەی دەلالەتی زمانی دەقەکەوە دەردەکەوێت کە لەرینەوەی ئەو زەنگەیە گەلک هواشو لەسەرخۆیە بە تایبەتیش ئاوەناوو ئاوەفرمانی دەقەکە ئاشکرای دەکەن لەوانەش (بەئەسپایی، بەبۆ هێزی، بەئاستەم، بە لەرزکی، هەژاری،…) هواشی زرنگەی زەنگەکە دەلالەتی لاوازی ئارەزووی سکسی نیشان دەدات. توانای زەنگەکەش توانایەکی لاوازەو پانتایی پیادەکردنی ئەو ئەنجامەی کە زەنگەکە لە پناوی پراکتیك کردنیدا دەزرنگێتەوە کەلاوەو ورانەیە، یان لە بارکی تردا دەتوانین بڵین ئەو پانتاییە ئاشکرا نییەو تاکو ئێستای لەدایك بوونی دەقەکە بە نەزانراو ماوەتەوە. ئەگەر بێتو وەهای لێك بدەینەوە کە جار لەدوای جار هەسانەوەی زەی زەنگی فگاری لە ئەنجامی ئەوەدا بێت ك هەر جارێ کە ئارەزووی سکسی (من) دەوروژێ، پانتاییەك نەبێت بۆ پیادەکردنی ئەو ئارەزووە وروژاوە، ئەوا پاش ساتکی هەژان، حاڵەتی دامرکانەوەو کپ بوونکی ساتی روو دەدات، بەام هێندەی پێناچێت حاڵەتی وروژان دووبارە دەبێتەوە. وشەی (دیسان) لەدڵی یەکەمدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە حاڵەتی وروژان چەندین جاری پشتر رووبداوەو ئەوا ئەمجارەش دیسان دەرکەوتەوە. هەروەك لەهەمان کاتدا وشەی (دیسان) ئەوەش نیشان دەدات گەرچی کردەی سکسی ئەنجامیش بدرێتو پانتایی بۆ ئەو پراکتیك کردنە ئامادەبێت، هێشتا هەر ئارەزووی سکسی کپ نابێت، چونکە وەکو حاڵەتکی غەریزی هەر زوو سەرهەدەداتەوە.

ئێستا ئەوەمان ئاشکراکرد کە دەلالەتی یەکەمی (گۆشەی نادیار) بریتییە لەو جێگا پەنهانەی کە هێزی پانەری غەریزەی سکسی تیا دەبزوێت. بەام لەپاا دەلالەتی یەکەمدا (گۆشەی نادیار) دەلالەتی ئایینی هەیەو دەش بەشونو جێگای نادیاری خواوەند لێك بدرێتەوە. جا ئەگەر لەو روانگەیەوە روانیمانە مەدلولی (شونی نادیار) ئەوا

رەنجی هەموو ئەوانەی کە گۆران بە شاعیرێکی مولتەزیمی حیزبی شیوعی دەزانن و پێیان وایە گەورەیی گۆران بەندە بە هەڵوەستی ئیلتیزامبوونی بەو حیزبەوە بەبادەدەین. کە لەراستیدا لەسەر بنەمای دۆزینەوەی مەدلولاتی زمانی شیعرەکەو ئەو پرسیارانەی کە ماهیەتی پرسیاریان هەیەو دەبێ وەڵامی ئیبستیمی بدرێنەوە شان بە شانی باری نیگەرانیو گومانی گۆران وەکو هونەرمەندێك زیاتر پێدەچێت کە گۆران بە ئاراستەی جیاوازو بگرە دژ بەیەکیش پرسیاری خۆیی بەرزکردبێتەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی نوێ، گۆران وەکو شاعیر لەسنووری یەك پێناسە بۆ ژیان و یەك مانا بۆ بوون و بەردەوامی نامێنێتەوە. هەربۆیە سەرباری پرسیارکردنی بەئاراستەی لێکدانەوەی بوون و ژیان و حەقیقەت لەروانگەی ئەو بیرو ئایدۆلۆژیایەوە کە ئیلتیزامی پێوە هەبووە، گەڕان لەدوای حەقیقەتی بوون لە نەستیدا پرسیار بەرەو کەشفکردنی ئەو دنیا نەزانراوو پەی پێ نەبراوە دروست دەکات، کەواتە ئێستا دەتوانین بەکورتی پرسیاری گۆران لەم دەقەیەدا بەم شێوەیە دەست نیشان بکەین. یەکەم: داخۆ شوێنی نادیار (گۆشەی نادیار) ئەو پانتاییە دەگرێتەوە کە هێزی جوڵانەری غەریزەی سێکس زەنگی بەئاگا هێنانەوە بۆ (من) لە دەدات؟ دووەم: داخۆ (گۆشەی نادیار) شوێنی نەزانراوو پەی پێنەبراوی خواوەند نیشان دەدات؟

بنیادی کات

کات لەم شیعرەدا لەرابردووەوە دەست پێدەکاتو هەتا ئێستا بەردەوامە. ئەمەش جۆرەی گشتی شیعرەکەیە لەرابردووەوە بۆ ئێستا، بەڵام جۆرەی کاتو دەمی فرمانی شیعرەکەش لەرابردووەوە تاکو ئێستانو لە حاڵەتی ئێستا وەستاون، واتە داخستنێك بەرووی ئایندەدا هەیەو لەرووی توخمەکانی بنیادەوە دەقەکە ناپەتەوە بۆ دەمیداهاتوو. داهاتوو لەسنووری رستەی رێزمانیەوە هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکراوە، واتە لەمەودای درێژبوونەوە یان دابەشبونی دەمەکانی کاتەوە. (رابردوو، ئێستا) کاتێ ئامادەن لە بنیادی (کاتی) دەقەکەدا، بەڵام دەلالەتی شیعرەکە بەهێی فەزای نیگەرانیو دوو دڵیو دڵەراوکێو تێڕامانەوە ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو ئایندەیەی جەستەو رۆح ئەگەر لەرووی مەعنەویشەوە دیاربێتو چاوەڕوانی بکەن ئەوە پێی ناگەن چونکە (من) بەرامبەر بەرۆحو جەستە رادەمێنێت، لەرابردوودا توانای درك پێکردنو ئامادەگی رکێف کردنی ئەو دوو دنیایەی نەبووە کەخێی وا دەردەخات خاوەندێتی ئەوانی لەئەستێدایە. ئەو بۆ تواناییە لەرابردووەوە درێژبێتەوە بۆ ئێستا، ئەو بێتوانایە لەرابردووەوە بۆ ئێستا کشاوە ئەوەش لەم دوو دێڕەدا دەردەکەوێت.

ئەوە دیسان لەگۆشەی نادیاری

دەم، هەسا زەحمەی زەنگی فگاری.
چیە ئەی رۆحی بێ لێوارو بێپەی
لەتێ ناشارەزایی من هەتا کەی؟
وەك پێشتر وتمان بنیادی کات لەم شیعرەدا لەسەر دوو تافی (رابردوو، ئێستا) بنیاد نراوە، بەڵام کردەی فرمانەکانی (ئێستا) کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکو جۆرێك لەپەیڕەوە بێ داهاتوویان تێدایە، ئەمەش بەگەی گواتسنەوەی هەمان نائامادەیی (من) دەردەخات لەداهاتووشدا بێ پاڵنەرە نهێنیو نادیارەکەی (جەستە= دڵ)و تێگەیشتنی لەدەنگی رۆح، بۆیە زەمەنی شیعرەکە لەرابردووەوە بێ ئێستاو بێ داهاتووش چەندێ درێژ ببێتەوە (من) هەر بەهەمان کەیوونەوە دەمێنێتەوە کە لەهەرسێ تافەکەدا هەمان باری پەشۆیو نامۆیو ناکردەییو دەرك پێنەکردنی هەمان جۆرە پرسیاری لادروست دەکەنەوە. ئەم بارەش دەشێ بەئاسایی کەیوونەی حەقیقی گۆران دەربخات یان راستتر بڵێین خودی هونەرمەندانەی گۆران نیشان دەدات کە هەمیشە دەبارەی گەوهەربوون لەگوماندا بووە کە خاڵی دەست پێکردنی لەخۆیەوەیە. بەر لەهەموو شتێ (من) ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەجەستەوە بەرز دەکرێنەوەو دەبنە هۆی هەژاندنی رۆح. ئەم لەهەق نەهاتنەش رووبەرووی پرسیاری باڵاتری دەکاتەوە کە ئەویش پرسیارە لەخودی رۆح، لە حەقیقەتی شتە پەنهانەکان. هەبەتە نەتوانینی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانێو دەرك پێنەکردنی ئەو دنیا ئاڵۆزە راستەوخۆ پەیوەستی بنیادی شیعرەکەیە. فرمانی نەرێ لەدەقەکەدا رووندانی کردار نیشان دەدات لەوانەش (نابم، تێی ناگەم، نازانم، نایە،...) نێگەتیف بەرجەستەی حاڵەتی لاوازی دەکاتێو گومان کردن بەرامبەر بە (کردار) نیشان دەدات. ئاوەڵناوو ئاوەڵفرمانیش لەبنیادی دەقەکەدا دوو رەگەزی وەستاوی زمانن، یان وەسفی حاڵەتی وەستانێو ناکردەیی (من) دەکەن یان کردە نێگەتیفەکانی دەخەنەوو. بەواتا رەگەزە زمانیەکان لەبنیادی ئەم شیعرەدا بەتێکڕا دەلالەتی لاوازیو ناکردەیی خودی (من) بەرجەستە دەکەن. ئەو خودەش واتە (من) دەشێ کەسیەتی ئامادەی نێو واقیعی کۆمەلایەتی ئێمە بێت لەسەر وەختی لەدایکبوونی دەقە شیعرییەکەدا.
(من) پێشتر چەند پرسیارێکی بەرزکردەوە بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی دەستگیر نابێت. هەبەتە پانتایی دنیای ناوەو دەنگێو ویستەکانی ئەو دنیایە لای (من) تاکو کاتی لەدایکبوونی شیعرەکە لە سنووری نهێنیدان، ئەمەش دیسان توخمێکی تری پێکهێنەری بنیادی گشتی شیعرەکەیە وەکو بنیادێکی کراوە کە (کردار) ی تێدا رووناداتێو پرسیارەکانی رابردوو و ئێستای (من) وەڵام نادرێتەوەو لێرەوە مەودای جیهانبینی خودی (من) دەردەکەوێت. ئەو جیهانبینییەی

کەلەسەر بنەماو زەمینەی ئامادەی کۆمەڵ پرسیاری مەعریفی بنیاد دەنرێت کە دەتوانین بەم شێوەیە پرسیارەکان ئاراستەی بکەین: بۆچی دیسان لەگۆشەی نادیاری دەوە زەنگی فگاری لێدەداتەوە؟ بۆچی زرنگەی زەنگەکە هێواشە؟ ئەوە چ زمانێکە کە زەنگەکە بەهێیەوە داواکاری گۆشەی نادیاری دێ بەرز دەکاتەوە بۆ (من)؟ خودی ئەو دەنگە چیە؟

بنیادی شۆن

شۆن لەم شیعرەی گۆران‌دا بوونێکی مادیانەی نیە، هیچ کام لە توخمەکانی سروشت‌و ئەو توخمانەی کە ئاماژەی مادیانەی شۆن دەکەن لە دەقەکەدا ئاشکرانین، تەنها بەشێك لەشۆن بەهێی توخمێکی ناسراوی تریەوە دەناسرێت وەکو (گۆشەی نادیاری دێ) کە دێ خێی پێناسە کراوە لەرووی شوێنەوە. بەڵام گۆشەی نادیاری تەنها بوونێکی مەعنەوی هەیە‌و تەنانەت لەرووی توێکاری ئە‌و ئەندامەی لەشی زیندەوەریشەوە بەشێك دیاری نەکراوە‌و پێی بگوترێت (گۆشەی نادیاری). کەواتە دەتوانین بڵێین شۆن توخمێکی بەرجەستەکراوو پێناسەکراو نیە لەبنیادی ئەم شیعرەدا. ئەمەش ناچێگیربو پەشێوی (من) واتە خودی بەرهەم هێنی شیعرەکە واتە (گۆران) نیشان دەدات کە پابەندو پەیوەستی شۆن نیە، ئەو شوێنەی کە زۆرجار دەبێتە کێت‌و پێوەندێك‌و خودی هونەرمەندایەتی گێت دەکاتێ یان ئازادی داهێنان دەکوژێت. ئەمەش ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە داهێنان پەیوەستی شۆن‌و بگرە کاتیش نیە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد تاکە دەلالەتێکی شۆن لەبنیادی گشتی شیعرەکەدا (گۆشەی نادیاری دێ)ە کە لەدۆەکانی (1،6،18،20) دەلالەتی شوێنیان تێدایە، بەڵام شوێنێکی نەناسراو کە دیسان بەندە بە پرسیارە کراوەکانی (من) ەوە کە ئاراستەی (جەستەو رۆح) ی دەکات، ئەویش وەك گوتمان لێکدانەوەی بایۆلۆژیانەو لەهەمان کاتدا دەلالەتی هێزێکی میتافیزیکی هەڵدەگریت کە لە شوێنی نادیارو نەزانراوو پێناسە نەکراودا ئامادەبوونی هەیە واتە خواوەند. ئەم لێکدانەوە دوو جەمسەرییەش وەك لەحاڵەتێکی شیاو (ممکن) دا جارێکی تر باری پەشێو و شلۆقی (من) لە بنیادی گشتی شیعرەکەدا نیشان دەدات، لەهەمان کاتدا ئاستی لاوازی ئامادەبوونیشی دەنووێنێ لەکاتێکدا نە لەزەنگی فگاربو لەرۆحی بۆ لێوارو بێپەی دەگات.

بنیادی ئیقاع

ئەم شیعرەی گۆران لە نبادی داشتندا ئایا مبیك پێنتامیتەرە، بەڵام لەچەند نیوە دێڕکدا ئەم بنیادە تێکشکێنراوە ئەویش بەوەی یان میترێك زیادکراوە یان کەم، کە ئەمەش سەرباری شێواندنی ئیقاع پابەندی باری پەشێوی (من) ە کە ل بنیاد دووانەی (پرسیار) وەکو

بنیادی ڕۆژمانی، سیانەی خودیش وەکو بنیادی گشتی شیعرەکەیە، ئیقاع سەرباری تێکچوونی یەکە مۆسیقیەکان کە پێویتسە رستە خەبەرییەکان لەئاستی بەرزی ئیقاعەوە بۆ نزم کۆتاییان پێ بێتو رستە پرسیاریەکانیش ئیقاع بەرزبێتەوە، بەڵام لەدەقەکەدا واناکەوێتەوە. لەرستەی خەبەریدا ئیقاع بەرز دەبێتەوە، ئیقاعیش لەسەر بنەمای بنیادی سیانەی خود لەشیعرەکەدا لێك دەدرێتەوە. دەنگی جەستە (ئیقاعی) دێ کە تێکڕای رستەکانی رستەی خەبەرین یان لەشێوەی گۆڕانەوەدان تەنی سەر کوتانەوەی خودی یەکەم (جەستە= دێ) وەکو غەریزەی بایۆلۆژی لەناوەوە دەوروژێ، ئاراستەی وروژانیش بەرزبوونەوەیە، واتە ئاراستەی ئیقاع لەبنیادی جەستەدا سەرکەوتنە، فرمانی (هەسا) و وروژانی ئارەزووی دنیایی کە سەرچاوەکەی دڵە یەك ئاراستەیان هەیە کە ئەویش ئاراستەی سەرکەوتنە.

ئەوا دیسان لەگۆشە نادیاری

دەم، هەسا زەی زەنگی فگاری

ئێستا دەردەکەوێت کە دەنگی جەستە ئاراستەی سەرکەوتنی هەیە کە لە گۆشەی نادیاری دڵەوە بەرزدەبێتەوە. ئەم ئیقاعە هێدی هێدی کار لە خودی دووەم (روح) دەکات، ڕۆح لەگەڵا دەنگی جەستەدا جووت دەبێتو لەگەیدا دەگری، ئاراستەی ئیقاع لە بنیادی خودی دووەمدا واتە ڕۆح کە دڵی (11،12) دەگرێتەوە بە ئاراستەی دابەزینە.

چیە ئەی ڕۆحی بۆ لێوارو بێ پەی

لەتێ ناشارەزایی من هەتا کەی؟

ئێستا لەم دوو دڵەی سەرەوەدا ئاراستەی ئیقاع دابەزینە، ئەمەش لەراستیدا لادانە لەیاسای ڕۆژمانی بۆ ئاراستەی ئیقاع چونکە لەپرسیاری ڕۆژمانیدا ئاراستەی ئیقاع بەرزبوونەوەیە. بەڵام لێرەدا ڕۆح بەدەنگێ مەستەو دەهەژێو لەگەیدا ئاراستەی ڕێ دەگرێ.. بەڵام هەژاندنی ڕۆح ناگاتە ئەو ئاستەی کە کاریگەری لەسەر توخمەکانی زمان دیاری بکاتو ئاراستەی ئیقاع بەرزبێتەوە. جەستە دوای ئەوەی کە دەگاتە دواپلەی هەژاندنی هێور دەبێتەوە، ڕۆحیش گەرچی لەبارێکی هەژاندنی لاوازدایە، بەڵام لەگەڵا حەوانەوەی جەستەو گەڕانەوەی ئیقاعدا بە تەواوی بەرەو نزم بوونەوە دەجوڵێت. ئەمەش لەدڵی (11،12) ی شیعرەکەدا بەئاشکرا دەرکی پێدەکرێت.

چیە ئەی ڕۆحی بۆ لێوارو بێ پەی

لەتێ ناشارەزایی من هەتا کەی؟

لەراستیدا دەبێ ئاراستەی ئیقاع لێرەدا بەرزبوونەوە بێت، بەڵام لەدەقەکەدا پێچەوانەیە. چونکە لەپرسیاردا ئیقاع بەرز دەبێتەوە. بەڵام بنیادی خودی دووەم (ڕۆح) لەئاستی دابەزینی خۆیەوە کار لە ئیقاعی ڕۆژمانی دەکاتو دەیگۆڕێت، ئەمەش بێتە هۆی حاڵەتی شکاندن

لە سەراپای بنیادی شیعرەکەدا لە ئایامبیك پێنتامیتەرەوە بۆ کەمترو زیاتر. ئەمەش لەژێر کاریگەری باری پەشێوو نیگەرانی (ڕۆح) داو تێنەگەیەشتنی (من) لەدەنگی ڕۆح کە ئەمەش دەلالەتی شکاندنی یاسای باوە بەرەو پرسیاری نوێش ڕێ دەگرێ.
بنیادی ئیقاعی سێیەم لەسەر بنەمای پرسیارەکانی خودی من بنیاد دەنرێت کە بنیادێکی داخراوەو تا دەستگیربوونی وەڵامی پرسیارەکان ناکرێتەوە. (من) بەرامبەر هەردوو لقە بنیادەکەی تر واتە (جەستە، ڕۆح) وەستاوە، بەڵام ئاراستەی ئیقاعی ئەم لقە بنیادە دابەزینە. (من) لە ئاستێکی بەرزترو لە هەردوو پێکهاتەی لقە بنیادەکانی (جەستە، ڕۆح) وەستاوە، لەو ئاستە بەرزەوە پرسیارەکان ئاراستە دەکات. لەراستیشدا پرسیارەکان دوای بەرزبوونەوەی زەنگی فگاری لەگێشەی نادیاری دێەوەو بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆح واتە هەژاندنی بەکاریگەری دەنگی جەستە ئاراستە دەکرێن. واتە پرسیارەکانی (من) لەراستیدا لەژێر کاریگەری جوڵەی ناوەوەیی جەستەو ڕۆحدا دروست دەبن.
دەبینین هیچ وەڵامێك دەستگیر نابێت، تەنها پرسیار ئاراستە دەکرێت، دەنگی دێ بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە پانتایی دەسەڵاتی ڕۆح. ڕۆح لەژێر کاریگەری دەنگی دێدا دەهەژێو دەنگی دێو ڕۆح پێکەوە بەرز دەبنەوە تا دەگەنە گوێی من، یان هەتا ئەو ئاستەی من وریا دەکەنەوە، بەڵام من هیچیان لێ حاڵێ نابێت بێیە دەکەوێتە پرسیارکردن، پرسیار ئاراستە دەکات، بەڵام پرسیارەکان بە ئاراستەیەکی پێچەوانە ئاراستەی ڕۆح دەکرێن (چیە ئەی ڕۆحی بێ لێوارو بی پەی
لەتێ ناشارەزایی من هەتاکەی؟)
من زانیاریەکی کەم دەربارەی ڕۆح لەو پرسیارەدا پێشکەش دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆح بێلێوارو بێپەیە واتە قوڵاو بێ سنوورە. پرسیارەکان لەراستیدا بێ وەڵام دەمێنێتەوە، نەڕۆح خۆی بە وەڵام دێت، نە جەستەش دەبێتە ئەێتەرناتیفی ڕۆحو وەڵام بداتەوە. داخرانی وەڵامی پرسیارەکان بێتە هۆی دابەزینی ئیقاع. لە ڕاستیشدا پرسیارەکان بەرامبەر بە ماهیەتی نەزانراوێك دەکرێن کە لە پانتایی دەقەکەدا ناتوانرێت هەوڵی دێزینەوەی وەڵامەکانیان بدرێت، بەڵام وەڵامێکی ئامادە لەدەرەوەی دەقەکەدا هەیەو ئەویش ئەوەیە کە ڕۆح لەدەرەوەی پەی پێ بردنی مرۆڤەو تەنها لەزانینی خواوەندایە. ئەم وەڵامە ئامادەیە هۆکارێکی سەرەکییە ك لەرووی مەعنەوییەوە مانای پرسیارەکە لێك دەداتەوەو بەو پێیەش پرسیارەکە ماهیەتی پرسیار ون دەکات. هەربۆیە ئیقاعیش دادەبەزێت. بەڵام پرسیارەکەی گۆران لەودیووی ئەو وەڵامە ئامادەیەوە دەکرێتەو لەدوای وەڵامێکی تر

دەگەڵت.
ئاراستەی کردنی پرسیارەکانی (من) لە ئاستێکی بەرزتردەوە بێ رۆحەو ناراستەوخۆش بێ جەستەیە کە جەستە سەرچاوەی دروستبوونی دەنگی وریا کردنەوەکەیەتی، هەردوو لقە بنیادی رۆحو جەستە لەبەردەمی پرسیاردا راگیراون و واچاوەوان دەکرێت وەڵام بدەنەوە. بەڵام بڕەنگ بوون لەبەرامبەر پرسیارەکاندا مانای چوونە ژێر دەسەڵاتو کۆنترۆکردنی خودی پرسیارکەرەوە واتە (من) دەگەیەنێت. ئەمەش دەلالەتی باری کپ کردنی ئارەزووەکانی جەستە هەدەگرێتو لە لایەکی تریشەوە خۆحەشاردانی رۆح دەگەیەنیت بەرامبەر بەهەر پرسیارێك کە پەیوەندی بەئاشکراکردنو ناساندنی ماهیەتیەوە هەبێت. بەڵام رۆح لەبارێکی پەشۆدایە، ئەویش بەهۆی کپ کردنی حەزو ئارەزووەکانی جەستەوە، چونکە هەتا جەستە نەسرەوێتو حەزو ئارەزووەکانی جەستە یان هەر بەدی نایەنو کپ دەکرێنەوەو دەچەپێندرێن یان لەکاتی بەدیهاتندا هەرگیز ناگەنە لوتکەو حاڵەتی خاڵی بوونەوە بە تەواوی رووندات. بۆیە روخساری بۆزاربو بۆهودەیی بەئاشکرا دەردەکەوێت، ئەوەش لەگەڵ توخمەکانی تری بنیادی دەقەکەدا بێتە هۆی لاوازی کردارو یان لەهەندێ حاڵەتدا شیانی پراکتیکی بە تەواوی دوور خستێتەوە، ئەمەش باری کپ کردن بەرهەم دەهێنێت، ئەم بارەش بە تەواوی هاوشانە لەگەڵ ئاراستەی دابەزینی ئیقاعدا.
ئێستا دەتوانین بڵێین لە بنیادی گشتی ئەم شیعرەدا (خود) بێتە سێ بەش یان سێ بنیاد کە ئەوانیش بە تەواوی خەسڵەتی سەربەخۆبوونیان هەیە لە روانگەی جوڵەو پراکتیك کردنیانەوە لەنێو پانتایی دەقەکەدا. ئەم حاڵەتی دابەشبوونەی کەسیەتی من بێ (رۆح، جەستە، منی بگرێ) لە دەقەکەدا بارێکی دەروونی پەشێو نیشان دەدات و لەهەمان کاتدا لەرووی ئەنتۆلۆژییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە خود ئەو ئەفریدە ئاڵەزەیە کە لەنێو خودی خۆیدا مەیدانو گۆڕەپانی چەندەها کێشەو ململانێی ئاڵەزەو باڵادەست بوونی هەریەکە لەو هێزە دژو لەهەمان کاتدا تەواوکەرانەی یەکتری کاریگەری دیارو لەبەرچاوی دەبێت لەدیاریکردنی کەسیەتو شێوازی هەڵسوکەوتو مامەڵەکرندا. ئەگەر جەستە لەبنیادی کەسیەتی دەقەکەدا ماناکانی دنیاپەرستیو حەزو ویستە دنیاییەکانی هەگرتبێتو لە هەوڵی ئەنجامدانو پیادەکردنیاندا بێتو رۆحیش ئەو پانتاییە بێت جەستە بیەوێت لەرێگای هەژاندنییەوە بیکاتە مەیدانێك هەتا لەوەوە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، ئەوە (خودی من) لەسەرەوە وەکو چاودێر سەرپەرشتی رێکخستنی باری هاوسەنگی دەکاتو لەنێوان دنیای خاوەنی رۆحو دنیای شەهوانی جەستەدا ئەوداگەری دروست دەکات بەو مەبەستەی هاوسەنگی (خود) رابگرێت. دەڵێ (خودی من) لە دەقەکەدا

وەکو وێژدانی کۆمەڵایەتیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی دەق لێی بڕوانێت کە سنوور بۆ هەر هەڵسوو کەوتێك دادەنێت. هەروەك دەشێت وەهای لێك بدەینەوە کە ئەو زەنگی فگاریەی لێ دەدات لەنێو کۆمەڵدا زەنگی حەزو ویستە دنیاییەکانی ئینسان بێت لەسنووری ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام (خودی من) بریتی بێت لە نموونەی باڵای (مپل العلیا) ی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئەویش بەها ئەخلاقیو ئایینییەکان دەگرێتەوەو ڕێگا نەدات ماهیەتی (نموونەی باڵا) لەبەردەمی حەزو ویستی شەهوانیانەی ئینساندا بوەخێنرێت. بۆیە هەموو زەنگ لێدانێکی هەژاندنی حەزو ویستە دنیاییەکانئینسان بە پرسیارێك وەڵام دەدرێتەوە، کە ئەو پرسیارەش خەسڵەتی ونکردنی ئەسڵی داواکاریەکە هەڵدەگرێت، واتە دەلالەتی نەفی کردنی ئەو داواکاریەی دەبێت کە جەستە بەرزی کردۆتەوە.

دەلالەتی زمانی (زەنگی پەستی) وەکو ناونیشانی شیعرەکە دەشێ بەئامادەبوونی جۆرێك لەکپ کردن یان چەپاندن لە ناخی (من) دا لێك بدرێتەوە لەبەر ئەوەی بابەتێکی ئینسانی کانتڕۆکراوە، ئەویش دەیەوێت خۆی نمایش بکات، بەڵام ناتوانێت دیوارە ئەستوورەکانی هۆزی کانتڕۆکەر بوەخنێ یان لە بنەڕەتەوە داموودەزگای عەقڵیەتی کانتڕۆا بەرهەم هێن تێك بشکێنێت بۆیە لەژێر فشاری کانتڕۆکرندا زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بۆ دەرەوەی خۆی لێ دەدات. مۆتیڤی دروستکەری ئەو زەنگەش بریتییە لە چۆبوونەوەی ئارەزووی سێکسی، کە لە ئەنجامی سەر کوتاندنەوەو کپ کردنی لەرادەبەدەریدا زەنگی وریاکردنەوە لێدەدات، کە ئەویش ئاماژە بۆ تەقینەوەی دەکات واتە دەرخستنی ئارەزووی سیکسی.

دیسان کۆمەڵێك دەلالاتی تری ئاشکرای سێکسی لەدەقەکەدا دەدۆزرێنەوەو باری کپ کردن لە قۆناغێکداو وروژان لە قۆناغێکی تردا نیشان دەدەن. وەکو (نایین) کە دەلالەتی دەربڕینی دەنگێکە لەکاتی پرسەی سێکسیدا دروست دەبێت، هەروەها "خۆ خۆ ئەگری" دەلالەتی رشتن نیشان دەدات لەکاتی هەمان پرسەدا. گریان خۆی زیاتر دەلالەتێکی خاڵی کردنەوەی هەیە، کە دەشێ خاڵی کردنەوەی باری پەنگ خواردووی سێکسی بگەیەنێت.

(خودی من) لە ئەنجامی فشارو پەستانی دەرەوەدا تاکو ئێستا لە ماهیەتی داواکاری دۆناگاتۆو ناشزانێت دەڵێت چی. بەڵام ئەوەی گرنگە لەگەڵا وروژانی جەستەدا ئەمیش دەکەوێتە پراکتیك کردنۆو لەگەڵا ئەو حاڵەتەدا ڕاحی بەکوڵا دەگری. من دەزانێت کە سەرچاوەی بزوێنەری جۆرەیەك دروست دەبێت ئەم لەرووی شعورەوە وریا دەبێتەوە. هەروەك لێدانی زەنگی وریاکردنەوە کە (من) پەست دەکات، بەڵام نەهاتنیشی دەیخاتە سەرکەکەی گەانۆو بەدواداچوونی ئەو دەنگە،

واته دەنگی ئارەزووی وروژاوی جەستە. ئەم حاڵەتە دوو جەمسەرییە زیاتر دەلالەتی پەشۆیبو دووڵبو نیگەرانی (من) هەڵدەگرێت، کە لەهیچ کام لەو حاڵتانەدا ئاقرە ناگرێتو بەدوای حاڵەتکی تردا دەگەڕێت، ئەوەش خەسڵەتی داهێنەرە لەژیانی تایبەتی خێیدا کە گومانی بەردەوام نیگەرانی بەردەوام، لە قوڵایی ڕۆحیدا دەژی.

ئەگەر سەرنجی بنیادی (قافیە- سەروا) لەم شیعرەدا بدەین دەبینین قافیە لەشەش فۆینم پێك هاتووە کە ئەوانیش بریتین لە فۆینمەکانی (ی، م، ۆ، ك، ە، ۆا)، واتە چەندبارە بوونەوەیەکی لەبەرچاو لەسەروادا هەیە، ئەمەش دیسان لاوازی کردار لە شیعرەکەدا نیشان دەداتو ئەوە دەگەیەنێت کە پراکتیك زۆر هێواشەو حاڵەتی وروژانو کپ کردنەوەش هەموو جار بەهەمان ماهیەتو بەهەمان ماناوە ڕوو دەداتەوەو توانای دروستکردنی گۆڕانیشی لە لە بینای سەروای دەقەکەدا نییە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجی فۆنیمەکانی سەروا بدەین ئەوا بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای ئەو فۆنیمانە لەرووی دەنگسازییەوە کپن تەنانەت فۆنیمە بزوێنەکانیش. ئەم حاڵەتی کپ بوونەی فۆنیمەکانی سەروا دیسان باری کپ کردنو چەپاندنی ئارەزووی وروژاوی جەستە نیشان دەدەن کە چۆن داخوازییەکانی جەستە توانای نەبووە باری وروژان بە تەواوی بەرزبکاتەوەو بیگەیەنێتە حاڵەتی پراکتیك کردن، بەکو بەئاراستەیەکی پێچەوانە ئەو ئارەزوانە چەپێنراون یان سەرکوت کراون، ئەوەش لەبنیادی سەروای شیعرەکەدا ڕەنگی داوەتەوەو لەبری فۆنیمی کراوە یان ئاوازدار فۆنیمی کپو داخراو تێکڕای سەروای دیەکانی پێکهێنانەوە. ئەم باری بەکارهێنانەی فۆنیم لەسەروای شیعرەکەدا پەیوەندی بەمانەوەی پرسیارەکانیشەوە هەیە بە داخراوی بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە. چونکە مانەوەی پرسیارەکان بەبۆ وەڵام مانای دروست بوونی حاڵەتی بێدەنگی، کە ئەو بێدەنگییەش هاوشانە لەگەڵا بنیادی سەروادا.

ئەنجام:

سەرجەم باری کپ کردنی ویستەکانی جەستەو وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی (من) لەپانتایی دەقە شیعرییەکەداو ئارام نەگرتنی ڕۆحو کارکردنی بنیادی زمانی دەقەکە چ لەرووی بنیادی ڕستەوە، چ لەرووی بنیادی ئیقاعو سەرواوە بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتی کپ کردنی دەنگی جەستە، دوای شیکردنەوەی دەقەکەو دەست نیشان کردنی دەلالاتی زمانو هەوڵدان بۆ شڕۆڤەکردنی بوونەوە بۆ ئاستە شاراوەکانی دەقەکەو دڵزینەوەی زمانی دووەم یان زمانی ئەو دیوو دەق ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گۆرانی هونەرمەندە ئەو پرسیارانە بەرز دەکاتەوەو ئەوەش جیهانبینی دەقەکەی گۆرانە، پرسیار بەرامبەر بە ماهیەتی ڕۆحو پەیوەندی نێوان سیانەی خود کە چۆن حاڵەتکی دایەلێکتیکی

پێکهێناوە لەپانتایی جوگرافیای دەقەکەدا پێکەوە دەبەستێتەوە ئەوەش نیشان دەدات کە چۆنیش ویستەکانی جەستە کە بریتین لە حەزو ئارەزووی دنیایی ناتوانن خۆیان بە ئاشکرا نمایش بکەنو بێ هیچ بەربەستێك بگەنە ئاستی پیادەکردن، مادەم لەسەروی هەموو داواکارییەکی تایبەتی ئینسانەوە چاودێرێك هەیەو زەنگی وریاکردنەوە لێدەداتو بەربەست دادەنێتو ئازادییەکانی فەرد دەکوژێت، ئەو چاودێرەش لەبنیادی دەقەکەدا (خودی من)ە کە نوێنەری بەها کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو ئایینییەکانە لەسەر پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەم دەرئەنجامەوە دەتوانین بڵێین هەتا یاسا ژەنگ گرتووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵنەوەشێنرێنەوە، هەتا مانا باوەکانی ژیانی ئێستای لەدایك بوونی دەقەکە نەفی نەکرێن نەجەستە ئازاد دەبێت، نەرێح دەحەوێتەوە، نەخودی من لە حاڵەتی چاودێری هەمیشەیی رزگاری دەبێت. هەتا ئەو سێ حاڵەتەش بەرووی پێزەتیفدا نەشکێنەوە (من) وەکو خودێکی تەواوی خاوەن ناسنامە دروست نابێت. بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین لاوازی کەسیەتی تاك لەو واقیعە کۆمەلایەتییەی کە دەقەکەی تیا لەدایك بووە ئەنجامی داخستنی دەرگاکانی ئازادییە. دیارە ئەو دەرگایانەش بەبێ دروست بوونی پرۆژەیەکی رۆشنبیری شۆڕشگێڕی کەلتوورىو ئەخلاقی ناکرێنەوە.
دەشێ ئەو پرسیارانەی کە من لەدەقەکەدا بەرزیان دەکاتەوە وەڵام بدرێنەوە بەو وەڵامە ئامادانەی کە لە ژهنی هەریەکەماندا ئامادەبوونیان هەیە. بەڵام پرسیاری دەقەکە پرسیاری مەعریفین، پرسیارن لە حەقیقەتە پەی پێ نەبراوەکان، پرسیارن لەدنیای رۆحەو سەرچاوەی غەریزەی بایەلۆژی مرۆڤ، پرسیارن دەربارەی نهێنیو گومانەو نیگەرانی ناخی مرۆڤ واتە پرسیارەکان دەربارەی ماهیەتی خودی مرۆڤ بەهەموو ئاڵۆزییەکانیەوە دەکرێن. پرسیار دەربارەی ئەنتەلۆژیاو چۆنێتی ژیانەو چارەنووس. ئەم پرسیارانەش لە دەقەکەدا وەڵام نادرێنەوەو دەقەکە لەبەردەم خوێندنەوەی تردا رادەگرن. ئەمەش خەسڵەتی دەقی کراوەیە.

کفن لێنوان تەکنیك و

ئایـــــدەلـۆژیادا.. حـیـــــدەر عـەبدولـڕەحمان

ئەم ئـــوارەیە، لـەڕۆژی دووەمـی نمـایشی فیلمـی (کفـن) دەرهـێنـانی (سروشت عـەبـدڕەش) ئامادەبووم،
فیلمـێك بینـەرێکی زۆری لـەگـەڵ خـۆیدا ڕاکـێشی هـۆڵـەکانی سینـەما کردو لـەشارۆکانی سلـێمانی و هـەولـێرو بـەغدا، جـگـەی دانیشتنی بـە بینـەر نـەهـێشتـووە.
بـەر لـەوەی خوێندنـەوەیـەکی ڕەخنـەیی بـە فیلمـەکـە بکـەین، دەبـێ بـگـەڕێینـەوە چاوی سـێ خاڵی گرنگی ئـەمـڕۆی سینـەمای کوردی بکـەین:
یـەکـەم: دەرهـێنـەرە سینـەماییـەکانی ئـەمـڕۆ ئـەستا بـەعـەقڵـەکی بازرگانی کراوەتـر کـار دەکـەن،، لـە دەسـپـێکی هـەر پـڕۆژەیـەکـی بـەرهـەمهـێنـانی فیلم، نـەخشـەو پلانـێکی تـەکمـەیـە بـە فـۆرم و ناوەڕۆکی فیلمـەکان دادەنـێن، لـەژێر ڕۆشنایی پـێشبینیـەکانیان بـە بـێ بینـەرو ئاستی بازاڕ کار دەکـەن.
لـەبـەر ئـەوەی فـاکتـەری ئـابووری گرنگتریـن و بـەهـادارترین خـاڵی جـەوهـەریـیە بـە بـەردەوام بوونی ڕەگـەزی بـەرهـەمهـێنانی فیلم.
جگـە لـەوەی بـەدەست هـێنانی داهات بـەهـێزترین فاکتـەرێکـە بـە هاندانی سینـەماکارۆکان و ئایندەی سینـەما لـەکوردستاندا.
هـەروەها داهاتی باش، دەبـێتـە مایـەی کـەردنـەوەی سـەرمایـەو گـۆشـەی هونـەری سینـەما لـە کوردستاندا.
دووەم: متمـانـە بـە بینـەر دەگـەڕێتـەوە، ئـەو بینـەرەی کـە لـەسـاڵـانی ڕابووردووداو لـەئـەنجامی بـەرهـەمهـێنانی فیلمی لاواز هیچ متمانـەیـەکی بـە سینـەما نـەمابوو، ئـەستا هـەمان ئـەو بینـەرانـەن، هـەڵی سینـەماکان پـێ دەکـەن و بـەپارەیـەکی زۆر پلیتی بینینی فیلمـەکیان بـەسـەختی دەست دەکـەوێت.
بـەگومان ئـەو پـێشوازی لـەکردنـەوەی سینـەمای کوردی، هـەکارێکـی بـەرچاو پـێشـەوە چوونی ئاستی فیلمی کوردیـە بـەگشتی.
خاڵـێکی بنـەڕەتی دیکـەی گـەرم بوونی بازاڕی سینـەما، هانی زۆتری سـەرمایـەدارەکان دەدا، بـایـەخ بـە دروسـت کردنـی هـۆڵـی سـینـەماو بازرگانی سینـەما بدەن.
سـێیـەم: هوشیاری و کولـتووری سینـەما گـۆشـە پـێ دەدا، کـە کـۆمـەڵگای کـوردیش بـەدیـدەکی شارسـتانی هـۆڵـس و کـەوت لـەگـەڵ سـینـەمادا بکـاو سینـەما بـە زۆرەتـەکی گرنگی ژیانی ڕۆژانـەی خـۆی بزانـێ.
قـۆناغـێکی نوێ بـە سـەرهـەڵدانـەوەی سینـەما

بەو چەند بەرهەمانەی دوایی دەردەکەوێت، کەسێنەمای کوردی قەناعەت باوەکەی خۆی تێپەڕاند کە بە بەرهەمهێنانی فیلم پشت بەحکومەت ببەستێ، بەڵکو ئێستا بەهەمان فۆرمی بەرهەمهێنانی سێنەما لەجیهاندا پشت بەکەرتی تایبەتی دەبەستێت، کەرتی تایبەتیش بڕ لە هەموو شتێ ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و هەوڵی زامن کردنی سەرکەوتن دەدات لەو فیلمانەدا.
جگە لەوەش ئاراستەی ئێستای بەرهەمهێنانی فیلمەکان وەك جاران تەنیا ڕوو لەفیستیڤاڵە جیهانییەکان نیە کە هیچ کاریگەرییەکیان بە پێشسازی سێنەما بەجێ نەدەهێشت لە کوردستان، بەڵکو ئێستا ئاراستەکە بەرەو بازاڕێ کە ئایندەی سێنەمای کوردی لەسەر وەستاوە.
بەگوترەی فیلمی کفن، کە فیلمێکی درێژی ترسە، من خۆم بە یەکەم جارەی فیلمێکی کوردی بە ستایلی ترس ببینم، پێشم وایە فۆرمێکی نوێیە لە سێنەمای کوردیدا، لەبەر دوو هۆکار :
لەپاڵ ئەو هونەرەی دەرهێنەر بەتەکنیکی سێنەمایی بەرجەستەی دەکات، بە دروست کردنی چەند حاڵەتێکی دەروونی، بێنیشاندانی شووشتنی مردوو، دەرکەوتنی تارمایی جنۆکە، دەرکەوتنی لەناکاوی ئەو تارماییانەو دیارنەمانی لەناکاویان، دەرخستنی دەم و چاوی ترسناك و شێوێنراو، هەناسە دەرەوەی تەرمی مردوو لەشەوداو زەر دیمەنی ترسناکی دەروونی، ئاسەوارێکی نەرێنی لەووی سایکۆلۆژیەوە بە بینەر بەجێ دەهێڵێ، بەتایبەت بە ئافرەت کە خۆاگری بەرامبەر ترس کەمترە..
هەموو ئەو دیمەنە ترسناکانە لەپەنای چوونە ژوورەوەی دنیای جنۆکان و دەرخستنی نهێنیەکانیان لەگەڵ مرۆڤدا.
کرێکی بنەڕەتی و ئامانجی سەرەکی ئەوەیە فیلمێکە پەیمان بێت کە لەزەمانی عەولەمەو تەکنەلۆژیای ئەمڕۆکە تا ئێستاش پرسی جادوو نوشتەکاری هەر باوەو ئاگاتان لەوە نیە جنۆکان لەناو ماڵتان دەژین و ژیانتان وێران دەکەن.
پێ دەچێ بینەری کورد، لاری نەبێت لە وەرگرتنی دیمەنە ترسناکەکان و وەرگرتنی خیتابی فیلمەکە، بە نیشانەی ئەو پێشوازیە گەرمەی لە فیلمەکەی دەکا.
لێرەدا پرسیاری ئەوەم بە دروست دەبێت، ئاخۆ هەکارەکانی وەرگرتنی بینەر چین؟
بەڵای منەوە دوو هەکاری سەرەکی هەن:
1. ئەو تەکنیك و ستایلە سێنەمایییە چڕەی دەرهێنەر بە بەرجەستە کردنی دیمەنە ترسناکەکان بەکاری هێناوە، تەکنیکێکی مەقبوڵ لای بینەر، وەك هەموو دەرهاوێشتە نەرێنی و ئەرێنیەکان.
2. بابەتی فیلمەکە بابەتێکی نوێیە بە بینەری کورد، ڕەنگە تا ئێستا

ئەو بابەتە بەدگمەن لە سینەمای کوردی خرابەتە ڕوو، ئەگەرچی لەسینەمای تورکی و جیهانیدا زۆرە.
جگەی سوپرایزە (سروشت عەبدوڵڵا) بە بینەری کوردو سینەمای کوردی ناوێکی نوێیە، بەڵام ئەو ئەزموونەی نیشانی داین دەیسەلمێنێ کە داهێنان بەساڵانی ئەزموونی دوورو درێژ نیە، بەڵکو بەتوانست و لێهاتوویی مرۆڤ لەگەڵ پیشەکەی خۆیدا..لەوانەش لەگەڵ سینەمادا.
ئەستاش ئەگەر بمانەوێت شێوازێکی لەژیکی بە فیلمەکە بکەین، ئەوە دەبێت لەدوو جەمسەرەوە بڕی بچین.
دەرهێنەر بە دروست کردنی ئەو ئەتمۆسفیرە ترسناکانە، هەموو ئامرازە تەکنیکیەکانی خۆی بەکارهێناوە، لەوانە ریتم و موزیك و کاریگەریەکانی دەنگ و ڕووناکی، ماسك و ئارایشت و دیکۆر، جگە لەدەرخستنی ڕیتمی بزووتنەوەی کامێراو گۆشەینی گۆشەکانی بەخڕایی بە مەبەستی بەهاوسەنگ ڕاگرتنی ڕیتمی دیمەنەکان.
لەهەموو حاڵەتکا فۆرمی ترس لەسینەمای کوردی دا فۆرمێکی باو نیە و (سروشت عەبدوڵڵا) لە شێوەدا بڕگێکی نوێ ی لەبەر کردووە،، بەڵام لە ناوەڕۆکدا شتێکی ترە.
لەجەمسەری دووەمدا و لەلایەنە ئایدیالیزیەکەوە دەبینین:
ئەوەی کە فۆفۆی ڕووناکی و ڕیتمی موزیك و ئارایشت نایشارێتەوە ئەوەیە کە فیلمەکە ئامانجی دەرخستنی، دیاردەیەکی خۆڕسکی دەروونیە، بەدروست کردنی نوشتەو جادو لەناو کۆمەڵگای کوردی، کە دەبێتە هۆی ماڵ وێرانی بە سەدان تاکی ئەو کۆمەڵگایە.
لەڕوەو دەبێت دەرهێنەر ئاگای لەوە بێت، لەڕێگەی گوتاری ئەو فیلمە، وا دەکات خەڵکانێك بە هەڵشتنی مرامە ژەهراویەکانیان زێتر متمانە بە نوشتەو جادوو پەیدا بکەن بە تەواسەندنەوە لەیەکترو فیلمەکە هاندەر دەبێت بە پەرەسەندنی دیاردەکە نەك ڕەگری لە کردنی.
چونکە فیلمەکە لەدیمەنێکی لاوازی حکومەتدا دەری خست کە یاساو دەستوات هیچیان پێ نیە بە ڕەگری کردن.
خاڵی دووەمی ناوازەیی لەوە دایە کە ناکرێت گەنجێکی وەك هیوا کە نوێنەرایەتی نەوەیەکی نوێی کۆمەڵگا دەکات، کار لەسەر دروست کردنی نوشتەوجادو بکات دژی پورزایەکی خۆی.
دەرهێنەر دەستاتیکی گۆڕی نیشان داوە لەدروست کردنی ترس و لەم سوچەوەش چڕێکی زۆری بەبینەر بەخشیووە، بەڵام چارەسەرکردنی ئایدیالیزی و فەلسەفی لەئاست توانستە تەکنیکیەکەدا نەبووە.
ئەو لەئاکامدا بەبینەر دەڵێ هەر کات گیرودەی ڕووداوی نوشتەو جادوو بوون، پەنا ببەن بە مەلاو شێخەکان.
دەرهێنەر لەکۆتایی فیلمەکە ئەو گوتارە بە ڕەگا چارەی کۆتایی دا

دەنێ بە کێشەکە، کە بە شك نەگەیشتووەتە چارەسەرکی شارستانی نیە بە کێشەکە، کە چارەنووسی نەخشیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لەدەستی چەند مەلاو شێخکی جادوکار بکەیت و هیچ ئەلتەرناتیفکی نەدیتە ئەوان نەبێت.
لە کۆتاییدا سینەما خیتابی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر خیتابی دژەهێنەری فیلمی کفن لەو سەردەمە پێشکەوتووەی دنیادا گەلانێ بێت بە جادوکەرەکان، ئەوە دیارە، بە دەسکەوت بووە لە دژینەوەی رەگە چارەسەرکی لەژیکی و لەناووی ئایدەلەژیەوە شکست دەخنە.
ئەکتەرەکانی کفن کۆمەڵە ئەکتەرێکی بەژاردەو پێ توانابوون لەبەرجەستە کردنی کاراکتەرەکانیان، بەتایبەت (چریکە عەبباس) کە لەنواندن و ئەدای بەهێزی، ڕێتمی فیلمەکەی گێیاندە لوتکە.

(فیلمی کفن) بێ ناو کفن!.. دەهەزار مەعروف

لە مانگی ٨ ی ٢٠٢٤ وە ئەم فیلمە کوردیە لە سینەماکانی کوردستاندا پیشاندەدرێ، دوای ئەوەی کەوتمە بەر لافاوی بەبەزەیی ڕیکلام بۆی، منیش پتر لە دو سەعات لە ژیانی خەمم کرد بە قوربانی ! چی لەوە خەشترێ فیلمێک بە زمانی شیرینی کوردی ببینی!
وەک بینەرێکی ئاسایی و پزیشکێکی پسپۆڕی دەرونی ئەم سەرنجانەم لەسەر فیلمەکە هەیە، هیوادارم هونەرمەندان و فیلمدەستان بەخنەگرانی سینەمایی و هونەری بچن فیلمەکە ببینن و ڕای خۆیان لەسەری دەربڕن.
لە ڕوی تەکنیکی و فەرموە: بەڕاستی گرمە و ناڕە و قیژە و نەڕە نڕە و دەنگدانەوە پەردەی گوێی بینەران و مەشکیانی ئازاردەدا ، وێنەکان زەربەیان ترسناک و ناشیرین و غەیبی و دراکۆلایی بون، بۆیە ئەم فیلمە دەچێتە خانەی فیلمە ترسناکەکان و نابێت بلیت بە منداڵ و مەردمنداڵ و هەرزەکار بفرەشرێ و هەر لە ڕیکلامکردن بۆیدا دەبێت ئەمە بە ڕونی بوترێ!
لە سەر شێوەی فیلمی هەلیودی کە دەبێت بە خۆشی و شادی کۆتایی بێت (happy end) بە نمونە بە لەدایکبونی منداڵێک کە زەر جار دژەهێنەرانی دنیا بە دەنگی گریانی منداڵێک مژدەمان دەدەنێ ، بەڵام لەم فیلمەدا بە تکانی چەند دڵۆپێک خوێن لە دامێنی ژنە

پاڵەوانی فیلمەکەو پیشانمان دەدات ، خوێن مەرج نیە نیشانەی لەدایکبوونی منداڵێک بێت بەڵکو دەشێ نیشانەی لەکەوتەی نائاسایی دوگیانیەکە بێت، نەدەکرا بە پیشاندانی خوێن بێت؟ بە نمونە بە پیشاندانی ژنەکەبێت لە کاتێکدا کە ژان گرتویەتی وهاوژینەکەی لە گەڕیدا وەک هاوسەزی ماچی دەکات و نازی دەداتێ؟ مەگەر گەلی کورد لە ڕابوردو و ئێستادا و دەخی ئیمڕۆی هەمو جیهان ڕۆژانە خوێن ناکەن بە قوڕگ و نایکەن بە دەموچاومان دا.
لە ڕوی ناوەڕۆکەوە: فیلمەکە باسی جادوکردنی ژنێک دەکات لە خوشکەکەی خەی وەک تەڕەی ئاوەی کە کچەکەی نەداوە بە کوڕەکەی، کچەکە دەدرێت بە کوڕەکەی تر و پاش ماوەیەک بە هەی جادوکەی پوریەو یان بە هەیەکی تر دایکی دەمرێت و خەیشی توشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت و ژیانی ژن و میردیی بێتەواوی دەشێو و منداڵی نابێت وهەستی بینین و بیستنی دەشێو و زو زو کە لە ماڵەو بێتەنیا دەبێت توشی ترس و تۆقان دەبێت و دیمەنی شتنی تەرمی دایکی و شیوەنی کوردانەی لەخەدان و لاوانەوەی ژنان دەبینێ و دەبیسێ، ئەمە لە ڕوی دەروناسیەو پێی دەڵێن (hallucination) واتا هەستشوان و وەاوە.
لە فیلمەکەدا لە بری ئاوەی بیبەن بە لای پزیشکەکەی دەروونی یا پزیشکی هەر پسپۆرێکی تر، دەیبەن بە لای مەلایەک کە ئەمیش پیاوەکی یاریدەدەری هەیە پسپۆڕە لە دەرهێنانی جنۆکە و جادو لە لەشی مرۆڤ، دەرهێنەری فیلم ئەم ڕاستیی داوە بە پیاوەکی ڕوخسار زەر ناشیرین وترسناک، باشە پیاوەک ڕەلی فریادڕەس و دوکتەر و ڕزگارکەر ببینێ بە قەز و بالابەرزکی وانەبێت کە خوشکی خەی حەیرانی بێت؟ بە ئازاردانی دەروونی بینەر دەبێت ئەمیش وەک دیمەنێ ترسناکەکانی تری فیلمەکە بێت؟ تەنیا دیمەنێکی جوان من لە فیلمەکەدا بینیم وێنەی گەڵی دایکی کچەکەیە و چەپکە گوڵە کەی سەری!
مەلا و یاریدەدەرە دراکۆلایەکەی بە هێندێ ئایەتی قورئان و اللە اکبر و جم و جۆڵی هیستیریایی کچەکە وەک پەڕجوویەک (موعجیزە) چاک دەکەنەو و ژیان ئاسایی دەبێتەو.
من دوای ٢٥ ساڵ ژیان و هەنانی دوکتەرا لە دەروناسی و کارکردن وەک پزیشکی دەروونی لە ئەڵمانیا و ١٢ساڵی تر لە ٢٠٠٩ وە لە سلێمانی بەردەوامم لە پسپۆیەکەمدا.
ئاوەی لە فیلمەکەدا هاتوە ڕاستە، لە کاری ڕۆژانەمدا سەدان بەسەرهاتی وام بیستوە کە بە ئێستاشەو وەدەدێن ، فیلمەکە لە سەر بناغەی ئەم بەسەرهاتە ڕاستقینانە دروستکراوە، بەڵام ئایا فیلم دەبێت ئاوێنە یا کۆپیی کوتومتی وێنە و وەداوە ڕاستقینەکان بێت؟ نەدەکرا لە فیلمەکەدا چارەسەرە زانستیەکە بخرێتە ڕو نەک درە و

خۆتاندنی ئاوەی نەخشیی دەرونی بە دەرهێنانی جنۆکە و جادو و نزای شێت چارەسەر بکرێ ؟ یا باشتر نەبو فیلمێکی دۆکومێنتاریی پە زانیاریی ورد لە سەر بابەتی خرافیات و بیری پوچ و بیبنەما و نا لۆژیکی ئاینی و نائاینی دروست بکەن و چارەسەری کێشەکەش لە ناوی زانستیەوە بخەنە رو؟
وادیارە بەرهەمهێنەر و هەمو تیمی فیلمەکە باوەڕیان بە هەمو ئەو خرافیاتانە هەبێت بۆیە دەرهێنەرناهێڵە پاڵەوانەکەی هانا ببات بە گوگل و کتێب و ئاوێژکاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی دەرونی یا پزیشکی مەشك و دەمار و پسپۆریکانی تر، ئەو هەر مەلایەک و جادو-دەرهێنەکی ناشیرینی بەسەر کێشدەرون- کۆمەڵایەتیکانی ژنە پاڵەوانەکەی پە چارەسەربکات! هەزار جار مەخابن !! ئاخ کوردی داماو!

سەروەر و بۆیان .. فەین بەرەو ناخی دەریا .. (١).. مەولود ئیبراهیم حەسەن

نووسەری بەتوانا (سەروەر ئەحمەد) گەنجێکی هەویر بوو ، لە گەڵ ئەم هاو زانکۆ هاو کۆلیژ بوو ، هەشتبیرێکی گەورەو خوێنەرێکی بە توانابوو ، بۆ چەند چیرۆکێکی کە بۆاوی کردەوە دەریخست کە نووسەرێکی مەزنە ، بەداخەوە دواجار لە گەڵ خاتوو(بۆیان) ڕێگایەکیان هەڵبژارد .. دڵی هەموانیان پە ژانکرد .
هەواڵی کۆتایهاتەکە..
من ساڵانێ ١٩٨٠ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئیران عێراق لە زانکۆی بەغدا ، لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی فارسی وەرگیرام ، بەشکە خواستی خۆم نە بوو ، بەڵام ؛ ئەو ساڵانە نمرە بەرز بووەوە من لە بەشی فەرەنسی وەرنەگیرام ! ئیتر بە ناچاری چوومە ئەو بەشە ؛ ساڵی دووەمی خوێندن ، کە(خوێندکار).(٢)ە تازەکان وەرگیرابوون ، بیستم کۆمەکی هاوڵەری لە بەشی ترکی وەرگیراوە ، ئەودەم گەنجە کوردەکان بەگستی پەیوەندیەکی جوانیان لە گەڵ یەکتردا هەبووە ، کە گەنجێکی تازە لە بەشێک وەردەگیرا هەموو هاوڕیان دەدا بیناسن و چی بڵیان

بکرێ یارمەتیان بدەن ، هەتا ئەوانیش بە جێگابوون و هەشتا ناویان بە بەشی ناوخۆ دەرنەچووبوو ، لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا وە بەشی ناو خۆ نەیاندەهشت ، بچنە ئوتێل .. زۆر بەی گەنجەکانیش کوڕە هەژارو مام ناوەندی بوون ، بە ئەوەی خەرجی زیاد نەکەن و هەر زوو تیکۆشە خوێندکارانی بەشی ناو خۆ بن !
ناسینی کوڕە هەولێریەکە .. من و ڕەحمەتی (عەبدوڵا قادر گەران)کە ئەو لە بەشی ئینگلیزی وەرگیرابوو، هەردوکمان تەمەنمان لە خوێندکارەکان گەورەتر بوو ، بە هەی ژیانی تایبەتی خەمانەوە هەریەکەو چەند ساڵێک دوا کەوتبووین ، لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵا گەران بەدوای سەراغی ئەو کوڕە هەولێریەوە داچووین ، بە هەی کاک (کامەران عوسمان) کە ئەویش لەگەڵ ئێمە لە بەشی فارسی وەرگەرابوو (سەروەر ئەحمەد)مان دەزیەوە ، سەروەر کوڕەکی باریکەڵەی کەمەک کورتە باڵاو ڕەنگ ئەسمەری و هەمن و بن باڵ پڕ لە کتێب و گۆڤار بوو ، زۆر بەی کات جگەرەی بە دەستەوە بوو. گەنجەکی کەمدو بوو ، کە دەتدواند ئەو سێیری بەردەمی خۆی دەکرد ، زۆر تر گوێی دەگرت و کەمتر گفتوو گۆی دروست دەکرد ! بە خۆر هاتنمان کردوو هەردووکمان خەمان پێناساند و ئامادەیی خەمان بە هەموو یارمەتی و هاوکارێک دەربڕێ .. کە زانی هەردووکمان خەڵکی هەولێرین گەشانەوەیەکی لەدەرکەوت و سوکە سوپاسکی کردین..
ئەو کوڕە هەولێریە سەروەر ئەحمەد بوو..
سەروەر زۆر کەم تیکۆشە خوێندکارەکان دەبوو ، کەمدو و لاتەریک بوو ، کەمتر سەاوو ڕەژباشی دەکرد .. زۆر نەرم و ساردیش وەڵامی دەدایەوە ! تەنیا کەسێک کە زۆر تر لە گەڵ ئەو دەبیندرا ، کاک کامەران عوسمان بوو ، کامەران کوێیکی دەم پڕ نوکتەو لەو بە خەندە دەنگ بەدەرەوە بوو ، لە گەڵ سەر وەر بەردەوام بە ترکی قسەیان دەکرد ، کامەران بە نوکتەو دەنگە بەرزو خەندەکانی دەیتوانی سەروەر بخاتە پێکەنین .. پێکەنینی نەرم و لە سەر خۆ ! بە ڕاستی سەروەر لە هەمووان زیاتر دڵی بە کامەران دەکرایەوە ، کامەران ئاگەر ڕەژێک سەروەری نەدیبا ؛ کە دەیبینی دەیگوت : سەروەر دینسز هاردە سێن ؟ ئیتر ئەو هاردە سێنە ، کلیلی کردنەوەی زارو دەڵ سەروەر بوو ! سەروەر زۆر چاک کەسایەتی کامەرانی خوێندبووەوە ، زۆر جار پێی دەگوت : کامەران دەبێتە باوکێکی باش بە منداڵەکانی ! هەربە ڕاستیش وادەرچوو ، کامەران پاش تەواکردنی خوێندن ووی لە کاسبی کردوو بەو کاسبیە زیانێکی باشی بە خۆی دروستکردوو دوا ڕۆژی منداڵەکانیشی مسۆگەر کرد ، من هەر جارێکی کامەران دەبینم .. ئەو قسە حیکمەت ئامێزو پێشبینیەی سەروەرم دێتەوە یاد ، زۆر جاریش بە کامەرانم گوتووە ، ئەلحەق کامەرانیش بە زۆردەخۆیەکەوە ئەم

ڕاستیەی دەسەلماند !
سەروەر ئەحمەد چیەتی کنووس بوو ..
سەروەر بە هەی لاتەریکی و سنوور بەندی خایەو زەر کەم تەکنە خویندکارەکان دەبوو ، کەمتریش لە دەرەوەی زانکۆ دەبیندرا ! تا چەندێکی (سەرکەوتن بەرەو خوارەو !!) بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (الاقلام) بڵاو کردەو . ئەم چیەتیکە هەژانەک بوو لە نیو ڕاگەیاندنی ئەدەبی عەرەبی ، ناوەرەکەکەی زەر نوێ بوو ، چیەتیکەکە زەر تازەو ئاست بەرز بوو ، خوێندەوارێکی زەری بە خۆی پێداکرد ! عەرەبەکان نەیاندەناسی ، لایان وابوو عەرەبە ، چۆن لە گۆڤارەکەدا ناوی بە ئیملای عەرەبی (سرور احمد) نووسراو بوو و ناوەکەش نوێ بوو، هەندێک بە نووسەرو چیەتیکنووسێکی جەزائیریان دەزانێ !؟ من خۆشم کە گۆڤارەکەم کرێ وخوێندەو ، نەمزانی ئەم(سرور احمد) ی سەروەر ئەحمەدە کەی خەمانە ! دواتر کە گۆڤارەکەم بە بن هەنگلیەو بینی ، پرسیم چیەتیکی – صعود الی السفل – ت خوێندەو ؟ بە زەردخەنەیەکی پڕ لە شەرمەو .. گوتی ئەو چیەتیکی منێ !! بە ڕاستی شادێک دایگرتم و هەتا پێمکرا دەسخۆشیم لێکردوو بە چیەتیکەکەم دا هەڵگوت ، هەستم کرد شەرمێکی داهێنەرانە هەڵنگ و ڕووی داگرتووە !
حکومەت دەڵێ : فەرمووون ئەم کتێبانە بخوێننەو..
ئیتر لەرەو من سەروەرم وەک نووسەرێکی گەورە هاتە بەرچاوو ، هەر جارێک یەکترمان دەدی و جار هەبوو پێکەوە لە زانکۆ دەچووینە دەرەوە ، باسمان هەر باسی ئەدەب بوو ، هەتا دەهات زەر ترو چاکتر توانای ئەو گەنجە هەوڵەریەم بە دەر دەکەوت . بە تایبەت هەندێک لە هاوماڵانکانی وا خوێندبووەو ، وەک ئەوەی هاوماڵانکەی ئەزبەر کردبێ ! کە باسی دەکردن وات دەزانی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی هاوماڵان کان ! پاش نیو هەیەک پێکەوە لە کلیژ چووینە دەرەوەو لە کانتینگەکانی پشت شەقامی هەشید نانکی هەژارانمان خواردو لە گازینۆی پەرلەمان ، چامانخواردەو .. پاشان هەساین و چووینە شەقامی (متنبی) و بە نەو کتێبان دا شۆ بووینەو ، هەرچی چاومان گەڵا هیچمان دەستکەوت ، من بە دوای سەرچاوی فارسی دا دەگەڕام ، سەروەریش چاوی بە دوای هاوماڵانی تازەو بوو ! هەردووکمان گەیشتین لەم بازاڕە وشکەی کتیب و سەرچاوە دەکرد ، لە پڕ سەروەر گوتی : کاک مەولود دەزانی ئەو کتێبانەی ئەمە دەیانخوێنینەو ، حکومەت پێمان دەڵێ : ئەم کتیبانە بخوێننەو !! گوتم چۆن کاک سەروەر ؟ گوتی : حکومەت هەگا بەوکتێبانە نادات کە بە مەترسی دەزانی بە ژەمەکەی خەی بێنە وەات ، هەگەش بەو کتبانەدەدات کە لە گەڵ بەرژەوەندی ئەو دەگونجێ ، ئەوسا دەڵێ .. فەرمووون ئەم کتێبانە

بخوێنەوە ! قسەکەی زۆر مەعقووڵ بوو، گوتم : ڕاست دەکەی کاک سەروەر . هەتا دەهات سەروەر زیاتر دڵی خۆی لای من دەکردەوە و ئازادانەتر قسەی دەکرد و منیش بۆ بۆ توانای سەروەرم بۆ دەردەکەوت و ڕێزم دەگرت .
سەروەر ئەحمەد بەردەوام بن باڵی پێ بوو لە کتێب و گۆڤار ، هیچ جۆرێک کتێبکی مەنهەج و بۆشکەیم – ترکی – بەدەستەوە نەبینی ! شتێکی سەرنجم دەدا هیچ کتێب و گۆڤارێکی کوردیشم بەدەستەوە نەبینی بوو ، جگە لەوەش هیچ جۆرێک باسی نووسەرێکی کورد یان ترکی نەدەکرد ، نە کۆن و نە نوێ ؛ زۆرتر بە دوای ئەدەبی جۆرئاوایی و نووسەرە ڕوسکانەوە بوو ، بە تایبەت ڕۆمان نووسە گەورەکان .
سەروەرو لیستێک ڕۆمان ..
هاوین بوو لە هەولێر وڵە شەقامی تەعجیل کاک سەروەرم بینی ، چاک و چۆنیمان کرد ، هەواڵی ئەدەب و خوێندنەوەم لێپرسی ؟ وەرەقەیکی لە باخەڵی دەرهێنا ، لەو وەرقە خەت خەت و گەورانەی دەفتەرە سەت پەیکان ، کە لە ئەی فەیی ئیستا گەورە تر بوو ، بە لستێک ناوی هەموی ئەو ڕۆمانانەی نووسیبوون کە خوێندبوونیەوە ؛ گوتی : ئەم ڕۆمانانەم هەمووی خوێندووتەوە ! کە سەیری لیستەکەم کرد ، هەوکی وەرقەکەی پێ کرد بوو پێبوەوە لای ئەودیویش ، ڕۆمانی وای تێدا بوو کە من هەر ناویشم نە بیستبوون ! بە گەرمی دەسخۆشیم لێکردوو ، لە دڵ خۆمدا گوتم : ئەم سەرو دڵ بچووکەی سەروەر چۆن جێگای ئەم هەموو ڕۆمانە گەورەو پڕ لە هەواوو کەسایەتی و کێشمە کێشمەی تیدا دەبێتەوە ؟!! لە نەو قسەکانیدا گۆڕیی لە کەسانێکی بەرپرس کرد ، کە لە دانیشتنێکا وایان نیشانداوە ، مادام دەسکەات و پارەیان هەیە دەتوانن نووسەریش دروست بکەن !! گوتی : ئەوانە زۆر سەیرن !؟ گوتم : ئەو نووسەرانەی دەسکەات دروستیان دەکات ، نووسەر نین ؛ ئامێرن !!
دەمەوە زۆر ترین کەس بمبخوێنێنەوە ..
سەروەر ئەحمەد هەرچەندە چەکەکەی بە عەرەبی و لە گۆڤاری عەرەبی بڵاو کردوە ، بەڵام ؛ لە نەوەندی ئەدیبانی کوردیش گرنگیەکی زۆری پێدرا ، هەر زوو چیەکەکەی کرایە کوردی و خەکێکی زۆر دەیانخوێندەوە .
لە گەڵ سەروەر نەوانمان گەیشتبووە ئاستێک .. بە پەردە قسەمان لە گەڵ یەک دەکرد ، ڕۆژێک باسی (زمانی نووسین) هاتە نەو قسەکانمان ، گوتم : کاک سەروەر لە نووسەرانی کورد ، کەسانێک هەن بە زمانی عارەبی نووسیویانەو جوانیشیان نووسیوەو بەرهەمیان بڵاو کردووتەوە ، دوا جار جۆرێک پشەمانیان لە دەر کەوتووە ! تۆ چۆن بە عەرەبی دەنووسە ؟ چاکتر نیە بە ترکی یان کوردی بنووسی ؟! گوتی

: زمان لای من گرنگ نیە ! ئەو گرنگە نووسینەکانم بگاتە زۆر ترین خوێندەوار ! ئەگەر بە ترکی بنووسم ! سەت کەس دەمخوواینتەوە !؟ ئەگەر بە کوردیش بنووسم ، هەزار کەس دەمخوێنێنەوە ! بەڵام ، کە بە عەرەبی دەنووسم پێنج هەزار کەس زیاتر دەمخوێنێنەوە !! گوتم : بمبوورە کاک سەروەر مەبەستم ئەوە نیە کە تێداخوە بە جۆری نووسین و زمانی نووسینت بکەم ! ئەم نووسین بە زمانێکی تر لە نەوەندی ئێدەبی بەردەوام قسەی لە بارەوە دەکرە ! گوتی : نا ..کاک مەولود خەڵکی تریش ئەو پرسیارەیان لێکردووم ، ئاسایی و من ئامادەم .
بڵیان و سەروەرو دوا دیدار ..
خاتوو بڵیانیش هاوکێڵیژی ئەمە بوو، من لە نزیکەوە دەمناسی ، کچێکی بەڕێزو باش بوو ، بەڵام ، ئەو کچە بە دوای بەهەشتی خیاڵی خۆی دا دەگەڕا ، کچی ؛ بۆی نەدەکرا ئەو بەهەشتە خیاڵی و ئەم بەرچاو- واقیع- ە بگۆڕێتە یەک ! هەر بۆیە بەردەوام نیگەرانیەکی پەنهۆ دیار بوو ! خاتوو بڵیان لە پەیوەندیەکی پێشتر سەرنەکەوتبوو!

لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٨٤ەوە پێش نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆشی ناوخۆ ، لە بەردەرگای پرسگە خاتوو بڵیانم بینی و چاک و چێنیمان کرد، گوتم : خێر بڵیان خان لەڕەی ؟ گوتی؟ کاک مەولود دەتوانی کاک سەروەرم بۆ بانگ بکەی ؟ گوتم : بەسەر چاو ئەگەر لە ژوورەکەی بێت ، ئاگاداری دەکەمەوە ، گوتی: من چاوەڕێی دەکەم . سەرکەوتم و چوومە ژوورەکەی سەروەر ، ژوورەکە چۆڵ بوو، سەیرم رد لە سەر یەکە لە قەڵوەڕکان یەکێک لە ژێر بەتانی گرمۆڵەی کردووە ؛ هاوێنیش بوو ! گوتم : کاک سەر وەر .. کاک سەروەر ! بەبێ تاقەتی بەتانیەکەی لەسەر خۆی لادو چاوی هەڵگلۆفت و گوتی : ها کاک مەولود چیت دەوێ ؟ گوتم : هەستە ئەوە خاتوو بڵیان لە بەردەم پرسگەی ناوخۆ چاوەڕێت دەکات . کە ناوی خاتوو بڵیانی بیست ، بێ بە ئەوەی هیچ بڵێ ! بە پەلە هەڵساو چووە خوارەوە! من لە بەردەرگای ژوورەکەی خەمانەوە لە نهەمی دووەمەوە سەیرم دەکرد ، سەروەر خێرا دەڕۆیشت و ڕۆیشتنەکی نا ئاسایی ، هەر سەیرم دەکرد .. تا لە چاو بزر بوو ! بەداخەوە ئەو دەم نەمدەزانی ئەمە دواجارە من کاک سەروەر و خاتوو بڵیان دەبینم !؟ ئەوەی ڕاستیش بێت من پێشتر هیچم لە بارەی پەیوەندی ئەم دووانە نەدەزانە و چاوەڕێی پەیوەندیەکی ئاوا نە بووم !!
ونبوونی بڵیان و سەروەر ..
دواتر زۆر بەدرەنگەوە ، زۆر چیەکی بە سەرو شوێن بوونی خاتوو بڵیان و کاک سەروەرم بیست ؛ هیچیان بە من جیگای بروا نە بوون ! لە نیو چیەکانی بزر بوونیان ، دوو جۆرەک زۆر تر باو بوونەوە ، یەکیان خۆ بە ڕووبار دادان وخۆکوشتن بوو ، کە من بە خەم بەوام

نەدەکرد ! ئەوەی تریان گیرانیان بوو لە لایان دەزگا ئەمنیەکانی عێراق لە هەولێر چوونە دەرەوە یاندا !؟ بە ئای من ئەمیان ئێی تەدەچوو . چۆن من ئەوەندەی لە گەڵ کاک سەروەر دوابووم ، هیچ ئاژەک هەمایەکی ئاوام لە نەبیستبوو ! کە خەیاڵی خۆ کوشتنی هەبێت ! زیاتر بۆ ئەوە دەچووم کە سەروەرەک گەنجەک و نووسەرەکی بۆ توانا دەیهەوە ببێتە نووسەرەکی ناودارو بەر هەمەکانی بە دنیادا بڵاو بێتەوە ! پەیوەندیەکەشی لە گەڵ خاتوو بەیان بەمن زەر کت و پڕو تازە بوو ، چۆن هەڵس و کەوتەکانی سەروەر و لاتریکیەکەی لەوە نە دەچوو مەلی بە دوای کچەوە بێت ، چونکە منی هیچ ئاژەک نەمدیبوو لەگەڵ کچیکا ڕاوستێ و قسە بکات ! خاتوو بەیانیش ، وەک پێشتر نووسیم بە دوای بە هەشتی خۆی دادەگەڕا ، ئێستا کە لە گەڵ سەروەر یەکتریان ناسیووە ، دەیهەوە ژیانی داهاتووی خۆی مسۆگەر بکات ! خۆ کوشتنەکەیان بوو بەڵاست ..

کاتێ لە ژمارە (٣٧) گۆڤاری دیوان وەسیەتنامەی ئەو دووانەم خوێندەوە ، بەو پەڕی داخەوە ناچار بووم ، ئەو چیڕۆکی تراژیدی وتاڵەی خۆ کوشتنە بڕوا بکەم ! سەروەر گەنجێکی ڕۆشنبیرو بە توانا بوو، خوێندەوارێک بوو لە خوێندنەوەدا کتیب خۆی لە بەر نەدەگرت ؛ بە تایبەت ڕۆمان .. سەروەر بەو گەنجیەی خۆی ڕۆوشتی داهێنەرێکی خاوەن ئەزموونی هەبوو ، نان و بەرگ هەر هێندە پۆیست بوون ، بڵای ئەوەوە ، ڕووت نەبێت و برسی نە بێت ؛ ئەو تەنیا شتێک کە تری لێنەدەخوارد .. خوێندنەوە بوو خوێندنەوەی ڕۆمان .. !! سەروەر لە تەمەنی بیست و پێنج سالی دا ڕۆگای مەرگی هەڵبژارد و لەم ڕۆگایەشدا بە تەنیا نە ڕۆیشت .. خاتوو بەیانیشی بەگەڵ خۆی دا ، دوا جار خاتوو بەیان نەگەیشت بە بە هەشتەکەی خەیاڵ . بەڵام ، گەیشت بە هاوێیەکەی هەتا هەتایی و پێکەوە بەرەو ناخی دەریا هەڵفڕین.. ڕوحیان شاد ..

**

(١)چەند مانگێک لەوە پێش. پێش نیوە ڕۆیەک لە بەردەم قوتابخانەکەی سیروان ، پشتمان بە قوتابخانە دا بوو و سنگمان ڕوو لە هەتاو ، ئەمە چەند برادەرێ بووین مامۆستا (سمکۆ عەبدوکەریم) ی سکرتێری گۆڤاری (دیوان) گوتی : بە تەمای فایلەکی تایبەتین سەبارەت بە ژیانی (سەروەر ئەحمەد)، منیش گوتم : پێکەوە بووین لە زانکۆ منیش یادگاریم لە گەڵ هەیە ؛ مامۆستا سمکۆ گوتی : باشە چی دەزانی بینووسێ . گوتم : بەسەرچاو . من هەر خەم دەمێک بوو هەستم دەکرد پۆیستە ئەوەی دەیزانم لە بارەی ئەم چیڕۆکنووسە گەورەیە ..بینووسمەوە ! بەداخەوە ئەو قسەی بە مامۆستا سمکۆم دابوو لە بیرم کرد ! کە ژمارە ٣٧ گۆڤاری دیوانم بینی و فایلە

تایبەتەکەی سەروەر ئەحمەدم خوێندەوە ، گوتم : حەیف زەر دوا کەوتووم ! دەستم بە نووسین کرد . شاد دەبم ئەستا ئاگەر برایانی گۆڤاری دیوان ئەم نووسینەم بە باو بکەنەوە .
(٢)خوێندکاروقوتابی : دەمەکە سەیر دەکەم لە بەکار هێنانی ئەم دوو ناوە ، تەکنیکێک هەیە ؛ من بە چاکی دەزانم ، قوتابی بە ئەو منداڵانە بەکار بێت ، کە سەرەتا دەچنە بەرخوێندن تا دوازدەی ئامادەیی ، چۆن ئەم قۆناخە قوتابی بە خواستی دایک و باوک دەچێتە بەر خوێندن و کەمتر خواستی خۆی تێدا هەیە .
بەڵام ، قوتابی کە لە دوازدەی ئامادەیی دەردەچێ ، خواست و ئامانجێکی خۆی هەیەو بە دوای بڕوانامەیەک دادەگەڕێ کە خۆی بتوانێ پێبگات ، بۆیە دەخوێنێ و کاردەکات بۆ ئەو بڕوانامە ، لێرەوەیە کە ئەو خوێندنە دەکات بەکاری خۆی ، بۆیە من پێمباشە بە قۆناخی پێیمانگاکان و کۆلێژەکان و تا دەگاتە ماستەرو دکتۆرا وشەی خوێندکار بەکار بێت .

نووسینی : مەولود ئیبراهیم حەسەن
٧/ ٢٠٢٤ – هەولێر

گفتوگۆ لەگەڵ گۆرانیبێژ(ئومێد قادر زیرەک).. هەڤپەیڤین-کامەران حاجی ئیلیاس

ئومێد قادر زیرەک: مەرج نیە گۆرانی بێژ ژەنیار بێت بەڵام مەرجە گوێچکەی موزیکی بێت و دەنگەکان بناسێت
ئومێد قادر زیرەک: هەندێك لە گۆرانی باوکم هەیە تائێستا بەاونەکراونەتەوە لەلای خەمان پاراستوومانە
گۆرانیبێژ(ئومێد قادر زیرەک) ئاگەر چی بەرهەمی باوکراوی کەمە بەڵام لە ئێستادا چەند بەرهەمێکی ئامادەیە بە باوکردنەوە ،کاریگەری دەنگی هونەرمەندی کۆچکردووی باوکی (قادر زیرەگ) ،هەکار بووە گە ئەویش بیر لە گۆرانی ووتن بکاتەوە هەربۆیە لەسەردەستی هونەرمەند مامەستا(وریا ئەحمەد) دەچێتە پێیمانگای

هونەرجوانەکانی هەولێر پێنج لە بەشی موزیگ دەخوێنێت،دوایش دەچێتە ئەکادیمای هونەرجوانەکانی هەولێر لەوێش چواری خوێندنی موزیك بەسەرکەوتووی تەواو دەکات لە ئێستادا سەرپەرشتیاری هونەریيە لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئەمش لە نزیکەوە ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا سازدا.
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***پێمان باشە سەرەتا بە خوێنەرانمان باس لە کاروانی هونەری خۆت بکەیت.**

- کاروانی هونەری من لەو کاتەوە دەست پێدەکات کاتێ چاوم کردەوە تێنیا لە تیڤی و وێنەکان باوکی ئەحمەتیم (قادر زیرەك) دەبینی و گوێم بە گۆرانیەکانی شل دەکرد بەدەم سەز و ئاوازێ پێ لە دەنگێ زوڤال و کوردانەکەی بە دەنگی پێ لەخەم و دووری چاوەکانم هەدی هەدی نەرمە بارانەك ئاسا هەندە جار بەر شاشکەی لە دەگرتم هەندە جار ئومێتەکانمی تێ دەکرد و بەکلەك خەموو ڕەژانم بەرە دەکرد تا ئەو کاتەی بە هاوکاری مامۆستای موزیك ژێن و ئاواز دانەر مامۆستا(وریا ئەحمەد) خەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بینیەوە و دواتر تەواوکردنی کالیۆزی هونەرە جوانەکان لە هەردوو قۆناغی خوێندن دا بەشداری بەشی زۆری چالاکییە هونەرییەکانم دەکرد ..لە دوای دەرچوونم لە چەندین گۆرانی تایبەت بەخەم بەساوکردەوە لە ئێستاش سەرپەرشتیاری پەروەردەیم لە پسپێیتی هونەریيم لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر.
*ئەو کاتەی هونەرمەند(قادر زیرەك)ی باوکت کەچی دوایکرد تێ منداڵ بووییت هەبووە چێت لەیاد ماوە؟
-ئەوکاتەی باوکم کەچی کرد من تەمەنم چوار ساڵ بوو سەزی باوکایەتی لەبەردەم شاشەی تیڤی و ڕادیۆ و ریکەرد بوو کە ئەوکات فێنکایەکی زەریان پێ دەبەخشیم و ئارامیان دەکردمەوە.
***هونەرمەند قادر زیرەك تائێستا گۆرانی هەیە باوکەکرابێتەوە؟ هەموو ئەرشیفی لەلای بەرزتان هەیە؟**

- بەڵێ ئەرشیفی هونەری باوکم بەشکی زۆری لەلای منە و ئەوانەی بەاویش بونەتەوە چەند وێنەیەك نەبێت هەمووی هی ئەمیۆ و بەساوکراوەتەوە وە هەندەکی گۆرانی هەیبەاوێنکرایتەوە تائێستا پاراستوومانە.

*تاچەند گرنگە گرانیبژ ژنیار بێت؟ خەت کامە ئامڕ دژنیت؟

- بە پرسیاری ئاوەی تا چەند گرنگە گرانیبژ ژنیار بێت .. ئەمە با وابلێین تا چەند گرنگە گرانی بژێ یا هونەرمەند بگشتی ئاشنبیر بێت لە ڕوی ژنین و ئامڕ ناسیاوە ...چونکە ڕشنبیریەتی ژنین و ژنیار بە گرانی بژێ گرینگە تا بتوانێ هاوکاری دەنگی بکات مەرج نیە گرانی بژێ ژنیار بێت بەڵام مەرجە گوچکەی پاك بێ و دەنگکان بناسێ و توانای ئەدای لەبەرزترین مەودا هەبێت و هەما هەنگی و لەگەڵ ئامڕی موزیك بکات و بەنەشاز نەبێت.

*ئەمە دەزانین چەندین گرانی خەت هەیە، هەکار چیە تائێستا بەاونەکردەتاوە؟

- دیارە زانیاریتان هەیە...

*بەڵێ بگومان هەر بەیە ئاو پرسیارەشمان کرد؟

- من لە ٢٠٠١ گرانی (بە سەداغ نیم) تێ مار کرد لە تیقی هەڕەم کاری وەنەگریم بێ کرد و بەاوم کردەوە، دواتر پلانم دانا تا سی دیك بەاو بکەمەوە کە ئاوکات باری دارایی زۆر خراپ بوو هەندێ گرانیم تێمار کرد لە سەر ئۆرکی خەم ئاوەبوو برا بچوکەکەم نەخۆش کەوت و منیش ئۆرکی ئاو خەزانەم لە ئێستە بوو هیچ پاڵپشتیەکم نەبوو دواتر هەستم کرد تاوانێ دەرهەق بە خەم و خانەوادەکەمان دەکەم بەیە گرنیەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ وە تا ئێستا ماون و بەاوم نەکردیتاوە ئۆرکی خەزان زۆر قورسە ئامانتەکە دەبێت بیپارێزی بەیە من بەم پارە لە قوڵگی منالەکانم بگرمەوە بە کاری هونەری و لەولاشەوە هونەرەکەم کە ناتوانێ بمژینێ تاوانی من نیە بەیە دەبێت بیرەك لەمەوە بکەینەوە هونەرمەند بتوانێ بە هونەرەکەی بژیە ئا لەرە کەی پاڵپشتی هەبوو منیش دەست بەکاری هونەری دەکەمەوە.

*کلیپی گرانی تایبەت بە خەت هەیە؟ چۆنە دەوانیتە کلیپەکانی گرانی بگشتی؟

- وەك گوتم یەك گرانی کلیپی لە کرا لە تیقی هەڕەم لای من نەماوە لە ئۆرشیفی تیقی هەڕەم خەیانە .. تایبەت بە کلیپەکانی ئەمە بەداخەوە بەشکی زۆری تەقلیدە و هەیانە نوکاری تەدایە بەڵام نەگەیشتەتە ئاستی ئەفاندن وە هەندە

کلیپ هەن هەر دوورن لە بابەتەکە و تەنیالکەندراون بۆیەکەوە.
*وەکو هەر گرانیبژێك ئەو گرفت کەشانە چین کەروبڕی گرانیبژ دەبنەوە؟

- خراپترین حاڵەت نەبونی پاپشتی و هاوکاری هونەرمەندان خۆیانن لە نەو خۆیان جاران هونەرمەندی ژنیار و گرانی هاوکاری یەکتر بون و بە روحیەتکی هونەری و نیشتیمان پەروەری هاوکاری یەکتر بون بە خستنەڕوی بەرهەمکی هونەری پڕ ڕوحیەت و هاوکات نیشتیمان پەروەری بەڵام ئێستا بیر لە پارە دەکرێتەوە و بەڵایەوە گرینگ نیە چی دەبێت وە هەندە جار دەنگە پە سزەکان لە ستەدە دەمرن.
-وەکو لاوەك ئاستی گرانی کوردی چۆن دبینیت؟

- ئاستی گرانی کوردی لە ڕوی ئەداوە هەنگاوی باشی بۆیە بەڵام بەگشتی فۆزایەك هەیە لە گرانکاریە خراکان جاری وا هەیە مەرکی کوردی لەدەست داوە یاخود تۆن و دەنگ بەتە قوربانی کلیپ ئەمە بگرە لە نەفەس کورتی و نەبونی بەردەوامی بەهەر هەکارەك بێت.
*وەکو سەرپەرشتیارەکی پسپۆری هونەری وانەی هونەرلەنەو قوتابخانەکان و ئاستی هونەری قوتابیان لەچ ئاستەك دایە؟

- بەداخەوە لە زۆرەك لە قوتابخانەکان، وانەی هونەری لە قوتابخابەکان بەتە قوربانی ڕەکخستنی میلاکی قوتابخانە .. پەندەکی کوردی هەیە دەڵێ.. (چ بایە و چ بارانە هەر لە تەمانی بەفر کورت دەکاتەوە) لە نەو قوتابخانەکانیش یا لە باتر هەر گرانکاریەك ڕوو دەدات لەبەشە وانەی هونەری کەم دەکرێتەوە ئەوە جگە لە هەندە قوتابخانە خشتەی دابەش کرایە و بە تەواوکردنی میلاك هەر دوو وانەیەك دراوەتە مامۆستایەك بۆیە دەبێت وەزارەتی پەروەردە،لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگی زیاتر بە وانەی هونەری بدات،چونکە وانەی پەروەردەی هونەری مۆشك چالاك دەکات.
سوپاس بۆ خوا من وای دەبینم ئاستی قوتابیەکانمان لە وانەی هونەری زۆر باشە بەڵام بە داخەوە کەمی مامۆستای پسپۆری و گرینگی نەدان بە بەهرە هونەرییەکانیان دواتر بۆڕ بۆڕ دوور دەکەونەوە بەڵێ لە هەندە قوتابخانە هەندە مامۆستا و قوتابی هەن زۆر دەخشکەرن بەڵام نەبوونی پاپشتی و هاندان ئەوانیش لە بازنەیەك

دەسوڕنەوە ناتوانن هەنگاوی گەورە تر بهاوێژن.

- باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی تا قوتابیەکی هونەرمەند و فەرخوازێکی ژیر دەرکەوە تا دوارۆژ پارێزەرێکی یا دکتۆرێکی هونەرمەندی لێ دەرچێت؟
- بۆ ئەم پرسیارە دەبێت گرنگی تەواو بە سەرپەرشتیاری پسپۆڕی هونەری بدرێت و دەستی وانا بکرێت لەروی پرکردنەوەی میلاکی مامۆستای هونەری لە هەمان کاتدا کردنەوەی خوولی بەهێزکرنی مامۆستای پەروەردەی هونەری لە ناوەندەکانی خوێندن لەگەڵ ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و پێش بڕکێی هونەری ساڵانە لە نێوان قوتابخانەکاندا.



کارگێران و چەوساوانی کورد لە نێوان بەرداشی ناسیونالیزم و شۆڤێنیـــــــــزم و هـــــــــزری

کوردایەتیدا!.. سابیر .م

سەرەتا کوردەکان لە ناوچەیەکدا ژیاون کە ململانێی و کارکردی سیاسەتی کۆنیالیزمی بەریتانی و ڕوسیا تزارەکی گۆڕیان هەبووە لە چارەنووسی ئەم ناوچانەدا.
بەهەی ئەم زەرداری سیاسەتی کۆنیالیزمەوە وە کارکردی دووەتانی ناوچەکە وە شێوەی نوێوان ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانیەکان ، سەرجەم ئەم فاکتەرانە ڕەگریان لە چوونە پێشەوەو گەشەی ئابووری ئەو میللەتانەی کە لەو ناوچانەدا کۆنیالیزم دەستیان بەسەردا گرتووون ، هەمیشە جوتیارانی هەژارو چەوساوەکانی کورد هێزی جەماوەری و سووتەمەنی سەرەکی ئەو بزووتنەوە سیاسی و چەکداریانە بوون کە لە پەناو پاراستنی بەرژەوەندی چینەک و توێژەکی دیاریکراو لە سەرەک خێڵ و ئاغاکان و شێخەکانی ئەوکاتە هاتوونەتە ئاراوەو وە بەناوی (سەربەخۆیی کوردستان و کوردان) جەماوەریان گەوجاندووە .
بەئام ڕەنج و تاقەتللاو خوێنی سەدان هەزار گیان بەختکردووی فریودراو بە (وەهمی شێش و ئاخەزی کوردایەتی) چەتە گیرفانی چین و توێژی بەرژوا پەرستەکان و زەرداران و ئاغاو دەربەگ و شێخ و مەلاو چینە باڵادەستەکانی کوردو حیزبە خزمەتکیەکانیان، وە نێو دەدەنگەکانیان .
ئەم چینە کەمایەتیەی کارگەران و چەوساوانی کوردیش تا ئێستاش نەبەتە خاوەنی بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری سەربەخۆی خۆی و هەشتا گیرەدەی هزری دواکەوتوانەی کوردایەتی و ڕەعیەت و خێڵ و سوننەتی دواکەوتوانەی فەرهەنگ و ئەدەبی دەربەگانەی جنۆفرۆشی لە حیوارو گوفتوگۆدا و کونوشبردنی کەمایەتیانەی ئەس و نەسبی خزمایەتی خێڵ دەشتیەکان .
وە هەمیشە چینە باڵادەستەکانی ئێستای کورد بە ناوی دیمەکراسی و سەسیال دیمەکراسی و چەپەکی بەرژوازیانە وە پاشکۆ و یەفەرمیستیە جەربەجەرەکانیان خەباتی ئەم چینەیان کردووە بە قوربانی ستراتیجیەت و ئامانجی قۆمیانەو هزری کوردایەتی حیزبە خێڵەکی و چەکدارەکانی خۆیان ، وە بەردەوام جەماوەریان هانداوەو و هەڕەشەیان کە لە ژێر چەتری ئەم بزووتنەوە نەتەوایەتی و پەپلیستیە کۆنەپەرستانەدا بمێننەوەو لە خەبات و تێکۆشانی سەربەخۆی چینایەتی خۆیان دوور نەبگرن .
تا جیهانی سەرمایەداری و بەرژەوەندی چینایەتی بمێنێ و تا بەرژەوەندی ئیمپریالیستەکانی جیهان لەم ناوچانەدا بەو جۆرە بچێتە پێشەوە ، وە کۆنیالیزمی کۆنەی خۆیان بەبەرگێکی تازەی

لەبەالیزمانەوە درێژە پێبدەن ، بەردەوام خەڵکان و گروپ و دەستەی داڕێژوو بگەنێ ووردە بەرژوا قانگدراو بە هەزری کوردایەتی بەرژوازیانە ، هەڵەئیتقن و جارێک بەناوی سەربەخێیی کوردستانەوە ، جارێک بەناوی ئاخزی کوردانەوە ، جارێک بەناوی گەلانەوەی ئایدیتنتی کوردو ، ....هتد ، کە دووڕو نزیک بوونەتە پاشکۆی فەرهەنگکی ئیمپریالیستانەی جیهانی و لە لەوانە سەسیال دیمکراتە جەللادکانی پڕۆلیتاریای جیهان و ئەوروپا ، ئیترچ دژ بە میتادی خەباتکارانەی مارکسیستی بێت لە ناوچەکەدا ، یان دژ بە خودی بەرژەوەندی ملیۆنەها کارگەرو چەوساوەی کورد بێت ، لە هەگەی سووکایەتی و گاڵتەجاڕی بە خەباتی چینایەتی و نەونەتەوەیی پڕۆلیتاریا لە ناوچەکەو جیهان .

هەربۆیە وەاتە ئیمپریالیستە زلهێزکان و هاتانی ناوچەکەش بەردەوام بە شێوەن گۆشەپێدان و کەمکێی مادی و مەعنەوی و بەردەوامبوونی خەباتکی بەرژوا ناسیۆنالیستانەی چەکداری ، یان فیکری ناسیۆنالیستی بوون لە ناوچەکەدا ، لە پێناو هەگەگرتن و بەربەست دروستکردن لەبەردەم هاتنە ئاراوەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی سەربەخێی چەوساوەکانی کوردستان ، کە هێزی بالفعل و بنەڕەتی گەورەن بە هەر گەڵانکاریەکی هادیکاڵانە لە ناوچەکەدا بە قازانجی لابردنی ئەم هەڕەشاواردنە قەومی و نەتەوەییەی کە لەم دەڤەرانەدا هەیە و ، وە دواتر دژایەتی و بەرهەڵستی هەر سیاسەتکی شۆڤێنیستانەو فاشیستیانەی دەوڵەتانی ناوچەکە وە حیزب و هێزە سیاسیەکانیان.

سابیر .م
٢٠٢٤ / ٨ /٦

بە هێنیسانسی ئەدەبی کوردی شکستی هێنا؟.. ئاسۆ کەمال

ئەم کتێبەی نوسەر ئەحمەدی مەلا شایەنی خوێندنەوە و گرنگی پێدانە، کە بەراوردی هێنیسانسی فەرەنسی و کوردی دەکا.

ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەدەبی کوردی گرنگە تا بزانین لە چ ئاستێکی ئەدەبی جیهانیدایە و لە مۆژووی نوێی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم ئەدەبە بۆچی نەیتوانیوە هەنگاوی گەورە بە گۆڕینی فکر و کەلتوری کۆمەڵگای کوردستان بنێ؟ بۆچی لە بوژانەوە و ڕێنیسانسی فکر و ئەدەبدا شکستی هێناوە؟

ئەحمەدی مەلا ڕێسەی ئەم شکستانەی ئەدەبی کوردی لە ماوەی کۆمەڵگای کوردستان لە "سیستمی خێڵایەتی بابانەکان و میرنشینە کوردیەکان" و سیستمی داخراوی دینی و تەسەوفی ئیسلامی بوو کە دین نەک مرۆڤ بنەمای تەوانین و گرنگی پیدانیان بوو. سەرهەڵدانی دیدێکی ڕەخنەگرانەی فکری و فەلسەفی و ئەدەبی بەرامبەر بەم شوناسە خێڵەکیە و کەلتوری حوجرە و موریدی خەلیفە، وە بەرانبەر بەم سیستمە خێڵی و دینیانە خۆی ڕێنگدانەوەی دواکەوتویی ئابوری دەربەگایەتی و خەلافەتی عوسمانی بوو لە کوردستاندا، کە بەشێوەیەکی کورت لەم لێکۆڵینەوە بەراودکاریدا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی بە هاتنی سیستمی سەرمایەداری بە کوردستانیش دیسان ئەم ڕێنسانسە ئەدەبی و کەلتوریە ڕوی نەداوە؟ لێرەوە دەگەین بەوەی کە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاپاگیری کۆمەڵگای کوردستان پێویست و گرنگە. لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کە لە بواری بەراوردی سیاسەت و ئابوری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگای کوردستان بە ڕێنیسانس و گۆڕانی کۆمەڵگای جیهانی ئەنجام بدرێت، تا تێگەیشتنێکی ڕوشنتر بدات بەدەستەوە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان. خوێندنەوەی ئەم کتێبە هاندەرێک دەبێت بە کەسانێک کە دیانەوێ مۆژوو و واقیعەتی ئەدەبی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەکەیان باشتر بزانن.

لەم خوێندنەوەیەدا سەرنجێکی نوێ دەدەیت بە ئەدەبی کوردی و دەوری شاعیر و ئەدیبەکان دەناسی. ئەوەی بەمن سەرنج ڕاکێش بوو دەوری پێشڕەوی شێخ ڕەزای شاعیر(١٨٣٥-١٩٠٩) کە ئەمڕ تا ئێستا بەتەنیا بە ئەدەبی هەجو و زمانی زبر دەیناسین و لێرەدا بە هەوڵی ڕێنسانسانەی سەرتایی و ئاوگۆڕبەخشی ئەم شاعیرە ئاشنا دەبین لە ئەدەبی کوردیدا. وەک ئەحمەدی مەلا دەنوسێ" کاتێک شیعری شێخ ڕەزا دەخوێنینەوە، واقیعەتێکی نوێ یەخمان دەگرێت، واقعی شار. باس لە مرۆڤ و کۆمەڵایەتیەکانی شار، زمانی نوێی شیعر، باسی ئازادی، ڕەخنە لە واقع و دەسەڵاتە دینیەکان. دواتریش لەگەڵ تێکەڵ بونی کوردستان بە سیستمی سەرمایەداری جیهانیەوە لە سەدەی بیستدا باسی قانع و حاجی قادری کۆیی و پیرەمەرد و بێکەس و ئاوانی تر دەکا کە لە هەوڵی تازەگەری و ڕۆشنگەری ئەدەبیدا دەوریان هەبوو و ڕەخنەیان لە دواکەوتویی کەلتوری و فەرهەنگی و داومودەزگای دینی و حوجرە

گرتوە، وە بەدوای شوناسی ناسیونالیستی کوردەکی مودێرندا گەڕاون نەک شوناسی ئیسلامی و خەلافەت و تەریقەتدا. باسی خوباسی خوندن و زانست و ئازادی و مافی ژنان دەکەن.
بەڵام ئەم هەوڵە ئەدەبیانە نیشان توانیوە هێنسانسەکی فکری و ئەدەبی لە کەمەگەی کوردستاندا دروست بکەن، هەر وەک "ئەحمەدی مەلا"ش باس لەم شکستەی هێنسانسی کوردی دەکا. هەکاری ئەمەش ئەوەیە کە تەنیا ئەدەب و شیعر نیە کە کەمەگەیەک دەگەێنێت. ئەوروپا و هەژئاوا لە ئاکامی شەڕشەکی ێینسانسیی و گەشانکاری ێیشەیی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریەوە توانی دنیا و سیستمی دەرەبەگایەتی و دینی بگەێنێ بە دنیایەکی سەرمایەداری. بەڵام خودی ئەم سیستەمە سەرمایەداریە کە لەسەرەتاوە شەڕشگێڕ بوو بەرامبەر بەدەرەبەگایەتی و لەدوای بەدەسەێنات گەیشتنی خەی کەنەپارەز بو، وە کاتێک وەک هەزەکی ئیمپریالی و داگیرکار لە سەدەی بیستدا باسەر جیهاندا لە سەدەی بیستدا دەکەشە دەوری دەگێڕا لە هەشتنەوەی بەشەکی هەژهەەات و هەژهەەاتی ناوەاست و کوردستانیش لەم دواکەوتویە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیەی کە تا ئێستا بەردەوامە. شەشە کرێکارێکانی سەدەی ۱۹ و ۲۰ بونە ئەو نەوە نوێیەی کە درێژەی بە هێنیسانسی سیاسی و کەلتووری دا و هەر بەیە کاریگەری ئەم تەوژمە شەشگەێیش لە کوردستان لە ناوەاستی سەدەی بیستەوە دەبینین، وەک لای گەران و قانع و هتد…
ئەم مەژوە فەرمان دەکا ئێستا و ئانیدەی ئەدەبی پیشکەوتنخواز لە کوردستاندا گەانە بە دوای شوناسەکی مرۆڤی جیهانیدا کە گوزارشت لە خولیا و خواستی ژیانەکی ئینسانی باشتر بکا و هەگایەک نیشان بدات بە دەرچون لە دەرد و ئازارەکانی سیستمی سەرمایەداری زاڵی ئێستا. ئەم خەم و کەشانە جیهانین و چارەسەرکانیش هەر لە ێیگەی کەلتور و ئەدەب و هەوەی هاوبەشی مرۆڤکانەوە دەبە، هەربەیە مرۆڤی کورد و ئەدەبەکەی بە شوەن شوناسەکی نوێی جیهانیەوەن.
دەستی نوسەر ئەحمەدی مەلا خەش بەت بە ئەم کتەبەی کە شایەنی خوەندنەوە و هاڤکردنی زەرتر و بەداخەوە من لەبواری ئەدەبدا شارەزانیم تا زیاتر لەسەر خوەندنەوەی ئەم کتەبە هاڤی زیاتری بکەم.

تاوانکی دیکەی تاسەر مەخ نائەخلاقی ئاسایشی سلەمانی!..

تاهیر عیسا

بەپێی ڕاگەیاندنی، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، هەفتەی ڕابردو هێزەکانی ئاسایشی سلەمانی، چالاکوانێکی سیاسیی کوردی خستەکی شاری سۆقزی کوردستانی ئێران، بەناوی بەهزاد خوسرەوی لەدوای ئاشکەنجەیەکی توند رادەستی جمهوری دەندەی ئیسلامی ئێران کردەتەوە، کە خاوەن پەداویستی تایبەتە و ئێندامی حزبی دیموکراتە و بەسمی پەنابەریی نەتەوە یەکگرتوەکان بووە.

ئەم هەنگاوەی ئاسایشی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، لەسەرو بەندی هەبژاردنە گاتەجاڕانەکەی پەلەمانی کوردستاندا، چ مانایەک دەگەیەنێت؟

لەهەر دەورەیەکی ئینتخاباتی وەاتانی دنیادا، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لەململانێی هەبژاردنەکاندا، بەر لە هاتنی وادەی تەبلیغاتی بۆ ئەو ململانێیە، زۆر بەحەزەوە هەوڵ و کۆت دەکەن، نەکا بکەونە هەڵەیەکەوە لەلایەن جەماوەرەکەیانەوە بکەونە ژێر باری سەرنج و تەوانینی خراپەوە، بەتام پێچەوانەی ئەمە، ئاسایشی یەکیەتی کەدەست بە تاوانکی وەحشیگەریانەی زۆر مەترسیداری لەم جۆرەدەبات، پەمان دەڵێن، کە ئەوان تەزقاڵەک باکیان بەوە نییە هەوەستی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لەهەمبەری سیاسەت و کردەوە ناپەسەندە دژە ئازادیکانیان کە ڕۆژانەو بەردەوام پەیڕەوی لەدەکەن چیلەدەت.

بەڵکو ئەوەی بۆ ئەم دوو هێزە بنەماڕەییە ئالیگارشییە گرنگە، کە هەریەکەیان دەستی بەسەر زۆنەکدا گرتووە، پارەزگاری کردنیانە لەپەگەی حوکمەانی گەندەکارانەیان و لەلوتکەی بەمەاڵیدا خەریکی خەشخزمەتی و نەکەرایەتین بۆ هەریەکە لە جمهوری کۆنەپەرستی ئێران و حکومەتی فاشیستی ئاکەپە و مەهەپە.

لەلایەک بەناو دژە تیرۆری پارتی خەریکی جاسوسیی و دەستنیشانکردنی کەسانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیاو کەسانی ئازادیخوازی تورکیایە، تەنانەت ئەوانەشی کە وەک کەسانی سیڤیلی دانیشتوی زۆنی سۆز، دژی سیاسەتەکانی تورکیاو ئەردۆغانن، لە ژێر سەرەی چاوی پیسی جاسوسی بەناو دژەتیرۆری پارتیدا، نەجاتیان نابێت و بە دڵنەکانی دەوڵەتی

فاشیستی تورکیا، لەگەڵ جی پی ئەسۆی دەستنیشان دەکرێن و هەژنیە پاڵەک لەکەسانی شارنشینی بەتاوان نابنە قوربانی ئەم سیاسەتی نەکرچپتیەی سەرانی بنەماڵەی بارزانی و پارتەکیان و خەڵتانی خوێن و خاک دەکرێن.
سەرباری ئاواکردنی سنورەکانیان بە هەرشی سەربازی ژەمی فاشیستی تورکیاو وەامدانەی ئەم بنەماڵە نەرجسیانە، بەمیل و ویست وخواستی داگیرکەرانی کوردستان، نیشانەی ئوپۆی بە ئەخلاقی هەریەکە لەو دوو هەزاو وە هەموو ئەو هەزو حیزب وەکخراوانەی دیکەی دەورو بەری ئەم دوو هەزشە کەلەبەرامبەر ئەو جینایەتانەدا بەدەنگن .
ئەوەی لەم چەند هەژشدا لەلایەن ئاسایشی سلێمانی هەوودەدات، لەدەستبردن بە جینایەتکی وەحشیگەریانەی لەم جۆرە، هەموو ئەو قسە قەڵانەی سەرکی یەکیەتی بەناو نوێ و تازە کە دەیگوت هەرکوردین وهەر کورد دەبین، دەکات بەدرێژکی زل وزبەلاحی بەماناو پووچ وبەتاڵ، نیشانیان دا کەکوردایەتی ئەمان بەو جۆرەیە کە بەئەزموون لەماوەی سیی و سێ ساڵی ڕابردوودا نموونە هەرە قەزەونەکەی حوکمەانی لەهەژهەڵاتی ناویندا، پیشانی هەم خەڵکی کوردستانیاندا و هەم پیشانی خەڵکی ئەپەزیسیۆنی ئێرانی و تورکیاییان داوە.
سیاسەتە عەمەلیەکانی هەریەکە لەپارتی و یەکیەتی لەم سەروبەندەی بەرلەهەڵبژاردندا، لە دەلاقەی زانیی زەردەوە بانی ئەوەدەت کە لەوناچێت پارتی و ئاکەپە(بارزانی و ئەردۆغان) مەبەستیان بێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، نابە بارزانی و پارتەکەی دوابەدوای ئەو ئاڵ وگۆڕانەی لەکەمیسیۆن و بازنەی هەڵبژاردنکان و کەتاکاندا ڕویداوە، هەل ومەرج و دەخی هەڵبژاردن لەباربێت، نە ئەردۆغانی فاشیستیش لەیادەوەری زیاتر لەسەد ساڵ تێپەڕین بەسەر پەیماننامەی لەزان و میساقی میللی ئەتاتورکدا، دەیەوێت لەهەرەمی کوردستاندا دەخی سیاسی و ئیداری وحکومی جگیربێت، کە بەپێی ئەو میساقە میلییە،تموحیان لە گەلانەوەی موسڵ و کەرکوک و تەنانەت هەولێریشدا هەیە، کە بە دەوڵەتانی زلهێز هەڵبژاردنی پەڕلەمانی لەکوردستاندا، مەرجی ئەو جگیرییە سیاسیی و ئیداریی وئابووریەیە.
ئەمە لەکاتکدا بەدیان باگەی میت وکەماندەی تورکیا بارگایان لەزاخەوە هەتا هەولێر بەاوپکراوە،
دەرفەت بەسیناریۆی ئاگزتربوونی دەخی سەربازی بەبیانووی شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکێکە لەو ئیحتمالاتانەی کەدکرێت وەک بیانوویەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستی بە ببردرێت !
هاوکاتیش لەدەلاقەی زانیی سۆزەوە دوای ئەم تاوانەی کەلەلایەن ئاسایشی سلێمانی ئەنجامدراوەو کەسکی چالاکی مەدەنی سیاسیی خاوەن

پەداویستی تایبەت تەسلیم بەژەمی سەدارەی ئێران کراوەتەوە، نیشانەی کەین و بەینکی دیکەی بەر لەهەبژاردنی پەڕلەمانێ، لە نەوان ئێران و یەکیەتی نوەدا، بەنرخی خوێن لەکاسەکردنی چالاکوانێک بە جمهوری ئیسلامی ئێران لەبەامبەر دیزاینی هەبژاردنی پەڕلەمانی چاوەڕوانکراودا.نیشانەی پەداگریی و بەردەوامی نەکەرچەتیی ئەم یەکیەتیەیە بە سیاسەتەکانی جموری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەدا.
بە وەستانەوە لەبەرامبەر سیاسەتە نەکەر چەتیەکانی یەکیەتیی و پارتیدا تەنیاو تەنیا بەهاتنەمەیدانی ەیزی بەرفراوان لەخەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا دەتواندرێت کەتایی بەم هەل ومەرجە ئاڵوزو دژوارە بهێندرێت کە وەک تارمایی بالی کێشاوە بەسەر تەواوی کوردستاندا.

تاهیر عیسا/06.09.2024

نانی بەرد.. شیعری سەران محەمەد

چی دەبوو بنیامین
گەر ئەو بەردەت نەهاویشتبا
کەی ئەو گەمە
حەوجەی شەقین بوو؟
نا!!!!!
پردەکان دەبوو
بریندەکانیان ساڕێژ کردبا
گەرمەنییە بەناونیشانەکان
لە بوڵوڵەوە
بەسەریدا بپەینایەتەوە
ئەو بەری چەشتەنگاو…
ئای ئەو بەردە
سەری هەمووانی شکان
کەی شەوی ڕەواندەوە؟

کەچی بینەرانەکی درەنگ وەخت
چەپڵەیان بە دەستەاستیی بنیامین لەدەدا
دەڵەن وای لە کاریزما
وای لە پاڵەوانی گەڕەپان و مەیدان...

*

چی دەبوو گەر شەقت
لە دەمەشرەکانی سەر ڕێ نەداباو
گوڵەحاجیلەکانت پان نەکردباوە
کاتێ بە باڵەای چیاکاندا هەڵدەزنای
ئەو کاتانەی
کەلانەکانی ناو پریاسکەی شوانەکانت دەکرەشت
خەڵەر بە هەڵەر دە پەنجەی دروستی کردبوون
دەتخواردو دەبوونە پلاستیك
ئیدی پیتی کەڵەگەکان بزر بوو
شەرت بە ئەمجارە
ئەسکە پەرتەکان گەر کەبوونەوە
پاڵەیەك لەدەرەوەی مەزرا
کای بە با کرد
دەبە پێی بڵەم:
چیدی مەهەڵەنانەکانت ببنە پلاستیك ...

*

ئوردوگا پڕ لە بەرد
مزگەوتەکەی عەنەب
پڕ لە تەرمی بەرد
یەکی گوڵە گەنمەکیان لە دەستدایە
چاوەڕێی مردووشەرەکن
تا بیانشواو هەستنەوە
گەر چاخی بەردیش گەڕایەوە
بنیامین
بیورەکەی لە بەرد دەتاشێ
نەیدەزانی
لە زمانی بەرد نەرمتر،
بە شکانی سەری ڕەبوارەکان.
چەڵەکەکانیش
لە بەردی نەو دارلاستیکی مناڵەکان

دەترسان.
*
چی دەبوو
گەر ئەو بەردەت نەهاویشتایە بنیامین؟
دونیە سەرکان پە بوون لەبەرد
پێیکانیشی کردە بەرد
ڕەی لە هەنگاوەکان دەگرت
شەرت بە ئەمجارە گەڕاوە
ئاگام لە بەرییەکان بە
تا شوان دەگەڕێتەوە
ئەوجا دەبە گوزوشتەی ئاشی بەردین و
لەشکری گورگە دووپشکانی بە بگەڕێوە
نەهێم هەورەکان چیدی بەرد ببارێنن
ئەو کاتەی جوڵەی چرکەکان
هاوتای گەڕانی خەر دەبە
لە دەی مەزراکان،
ئاوها، کەشی توڕەی ناخەکان
ناوشەردرێ
لە دیدەی گیان..

*
بنیامین کە پیر بوو
نەیدەزانی
ئەو هەموو بەردە چیین
لەبەردەرگا!
نەیدەزانی چەند لە مەژە
قەتیەك لەسەر کانییەکی دوورە دەست
تەر ئاو نەبووە..
نەیزانی
ئیدی بەرد نامێنێ
تا بەکامی دە
خانووچکەیەکی ئاوا
لەبەرد چەکەین
بە پێیەکان…

*
چی دەبوو

گەر ئەو بەردەت نەهاویشتبا؟
بنیامین!
.....
کۆتایی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

سەران محەمەد

گوناحێ.. شیعری نەوزاد بەندی

گوناحێ ،
شیعری جوان و نایاب ،
بێ میللەتێ ،
بووە بە عاشقی کێلایەتی و
برنج و کەباب ..
گوناحێ ڕەشنبیریی ،
بێ میللەتێ ،
لای ناوگۆ و
گەدیەتی ،
هەموو هەش وبیری ..

⋆ ⋆ ⋆
گوناحێ کتێب ،
بێ میللەتێ ،
برسیترێ لە سواکەرەکەی ،
میر و وەزیری ..
35 ساڵ نەوت بدزێ ،
هەشتا پێ نەبووە گیرفانکانی ،
هەشتا جێی نەهێشتووە ،
مەشکی ،
کابوسی فەقیریی ..

⋆ ⋆ ⋆

گوناحێ ،

کتێبخانێ و
پێشانگای کتێب ،
بێ میللێتێ ،
کێ دینار تێکێکراوێ بێ شیری ..
کێ ترس و سێکس و خواردن ،
بوون بێ خوای
منا و پیری ..

⋆ ⋆ ⋆

کفرێکی گەورەیە نووسین ،
بێ میللێتێ ،
دوژمن گاڵەی پێ ئەکا و بەدەنگێ ،
بێ سنگی یەکترێ شیر و تیری ..
ێیفڕمی چی نیشان ئەدەی بەی ،
ئەو کێ تەنها بێ گیرفان و
بێ خەزان و
ماڵی خەیاتی ، تێگبیری ؟